خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان ڕەئوف

ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر

بابان ئەنوەر

# جیهانگیری
# لە ڕوانگەی جیاوازەوە

حەسەن بارام

2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (152)

ناوی کتێب: جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە
بابەت: ئابوری سیاسی
ناوی نووسەر: حەسەن بارام
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال - زریان ڕەحیم
دیزاین: جەلیل حسێن
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2017
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**
**ideafoun@gmail.com**
**www.facebook.com/dezgai.idea**
**07701955044 - 0533220180**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1904)ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# جیهانگیری
# لە ڕوانگەی
# جیاوازەوە

حەسەن بارام

2017

## پێڕست

- پێشەکی .................................................................... 7
- مێژووی جیهانگیری.................................................................... 11
- پێناسەی جیهانگیری.................................................................... 25
- جۆرەکانی جیهانگیری.................................................................... 37
- جیهانگیری ئابوری.................................................................... 39
- جیهانگیری رامیاری.................................................................... 47
- ئامرازەکانی جیهانگیری ڕامیاری.................................................................... 57
- کاریگەرییەکانی جیهانگیری رامیاری.................................................................... 61
- جیهانگیری رۆشنبیری.................................................................... 63
- جیهانگیری کۆمەڵایەتی.................................................................... 73
- رەگەزەکانی جیهانگیری.................................................................... 77
- ئامرازەکانی جیهانگیری.................................................................... 81
- ئامانج وکاریگەرییەکانی جیهانگیری.................................................................... 87
- ئامانج و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جیهانگیری.................................................................... 89
- ئامانج و کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری.................................................................... 93
- سەرچاوەکان.................................................................... 98

# پێشەکی

چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم و بە دیاریکراویش دەیەی نەوەدەکان، جیهان کۆمەڵێك وەرچەرخان و گۆڕانکاری خێرا و گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا و کۆی کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، خستە بەردەم چەرخێکی نوێوە، گۆڕانکارییە سیاسی، ئابوری، شۆڕشی زانیاری، هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و ڕۆخانی دیواری بەرلین، پێکەوە کۆمەڵێك وەرچەرخانی گرنگ و چارەنوسساز بوون بۆ سەرهەڵدانی نەزم و تەرزێکی نوێی جیهانی، هەندێك ئەم قۆناغە بە سیستەمی نوێ جیهانی ناوزەددەکەن، هەندێکیش لە ژێر ناوی جیهانگیریدا دەیناسێنن، کە لەراستیدا دەکرێت بە چەشنێك هــەردوو بۆچوون، یان هــەردوو چەمکەکە تەواوکەری یەك بن و راست بن، ئێمەش بۆ ئەم نوسینە جیهانگیرییەکە هەڵدەبژێرین.

جیهانگیری (العولمە /globalization ): وەك دیاردەیەکی ئابوری، رامیاری، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و زانیاری، لە ناوەندە رۆشنبیرییەکانی جیهاندا، گرنگی و بایەخێکی زۆری پێیدەدرێت و چەندین دامـودەزگـای فەرهەنگی، بیرمەند، شارەزای بە خۆوە سەرقاڵکردووە، رەهەندە زۆر و

زەوەندەکانی ئەم دیاردە جیهانییە، ئەوەندە ئاڵۆز و گشتین، تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا هێندە ئاسان نییە، بۆیە کەم چەمك و دەستەواژە هەیە، هێندەی جیهانگیری لای شارەزایان، بیرمەندان، ناوەندە زانستی و رامیارییەکان جێگای مشتومڕ و جیاوازی بێت.

پرۆسەی بە جیهانیبوون، یان جیهانگیری لای ئێمەی کورد بە بەراورد بە نەتەوەکانی تر، کەمترین قسەو گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، دەتوانین بڵێین گەلی کورد لەو گەلە هەژارانەیە، کە کەمترین زانیاری و مامەڵەکردنی لەگەڵ رەهەندە جیاجیاکانی ئەم دیاردە جیهانییەدا هەیە، رەنگە ئەو کتێب و لیکۆڵینەوانەی لەمەڕ ئەم بابەتە جیهانییە بە کوردی نوسرابن، لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی خەمساردی و کەم و کوڕییەکەی گەورە، دیاردەیەك هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە شێوازی جیاجیا داگیرکردبێت و کاریگەرییەکانی بە ئەرێ، یان نەرێ ئاستێکی باڵای جیهانی لە خۆبگرێت، ناکرێت گەلی ئێمە لێی بێ ئاگابێت و کەمترین زانیاری، دیقەتی نەبێت و سەرپێیانە مامەڵەی لە تەکدا بکات، بۆیە زۆر گرنگە چ دامودەزگا تایبەتییەکانی هەرێم چ نوسەر و شارەزایانی کورد، بە پڕۆژەی گەورە و فرە رەهەندەوە، توێژینەوە و لیکۆڵینەوەی ورد لە ئاکامەکانی پرۆسەی بە جیهانیبوون بکەن، چونکە بۆ ئەزموونی سیاسی، حکومڕانی و گەلی ئێمە ئەستەمە بێ ئاگا بێت لەوەها دیاردەیەك، کە زۆرجار لە دەرەوەی ویست و ئارەزوەکانی ئێمە دەرگالێدەکات رژدتر لێکۆڵینەوە، خوێندنەوەی وردتر و هەمەلایەن لەم بارەوە

بکەین، ئەمەشیان بەو ئامانجەی بزانین بە چ ، هاوزەمان بە چ شێواز و ئامڕازێکیش خۆمان لە کاریگەرییە نەگەتیڤەکانی دەپارێزین، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ ئێمەی کورد تا چەند ئەم دیاردە جیهانییەمان وەکو خۆی لە گۆشە نیگای جیاوازەوە ناسیوە؟ بیگومان ئامانج لەم لیکۆڵینەوەیە تەنها ئەوەندەیە ئێمەی کورد لە گۆشەنیگای جیاجیاوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا پەیدابکەین، چونکە بۆ مامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ هەر بابەتیکدا، زۆر گرنگە سەرەتا لەرەهەندە جیاجیاکانی، شوناس و مێژوو، تایبەتمەندییەکانی بکۆڵینەوە، چونکە بێ ناسینێکی تەواو و دروستی لایەنە جیاوازەکانی، هەرگیز ناتوانین لە مامەڵەکردن لە گەڵیدا سەرکەوتوبین.

(جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە) تاڕادەیەك لیکۆڵینەوەیەکی کورت و پوختە، بۆ ناساندنی رەهەندە جیاجیاکانی جیهانگیر، ئومید دەکەم لە ئایندەدا نوسەر و شارەزایانی کورد بە پرۆژەی گەورەتر و زانستیانەتر لەم دیاردە جیهانییە و هاوزەمان تێکەڵ بە دۆخی کوردستان و کاریگەرییە نەگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی بکۆڵینەوە، چونکە ئەم نوسینەی بەردەستتان تەنها هەنگاو، تێگەیشتنێکی سەرەتاییە بە زمانی شیرینی کوردی بۆ ناساندنی (مێژوو، پێناسە، رەهەندەکان، ئامانجەکان، کاریگەرییەکان....هتد)ی پرۆسەی جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە، ئومێد دەکەم بەم کارە خزمەتێکی کەمم بە خوێنەر و کتێبخانەی کوردی کردبێت.

# مێژووی جیهانگیری

مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەی جیهانگیری، یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆرترین مشتومڕی لەگەڵ خویدا هەڵگرتووە و زۆرێك لەبیرمەند و شارەزایانی بۆ چەندین ئاراستە و بۆچوونی جیاواز دابەشکردووە، ئەگەرچی ئەم بیست ساڵەی دوایـی، پرۆسەی بە جیهانیبوون بە زەقی دەرکەوتووەو زۆرترین لیکۆڵینەوەو قسەوباسی لەسەردەکرێت، وەلێ هاوکات ناتوانین بڵێین دیاردەیەکی جیهانی نوێیە، بەڵکو بە شێواز و فۆرمی جیاجیا، لە چەندین قۆناغ و ویستگەی مێژوویی مرۆڤایەتیدا کاری لەسەرکراوە، گەر تۆزیك بە مێژوودا بچینەوە، دەبینین ئەم خواستە لە چەندین وێستگەدا ئامادەیی هەبووە و لەلایەن فەیلەسوف، پەیامبەر، ئایین و ئیمپراتۆریەتەکانی نێو مێژووەوە بانگەشەی بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین هەوڵیان خستبووەگەڕ، ئێستاش ئەو پرسیارەی پێویستی بە وەڵامە ئەوەیە، ئاخۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم دیـاردەیـە دەگەڕێتەوە بۆ کەی ؟ بۆ بەرسڤدانەوەی وەها پرسیاریك، شارەزایان ناکۆك و جیاوازن، هەندێك پێیانوایە رەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە، هەندێکیش وای دەبینن، ئەم دیاردەیە بەو ئەندازەیە مێژووی دەرکەوتنی کۆن نییە و دەیبەستنەوە بە هەندێك گۆڕانکاری ئابوری، سیاسی و زانستی ئەم چەند سـەدەی دواییەی ئەوروپاوە.

بۆیە بیروبۆچوونی توێژەر و زانایان لەسەر دیاریکردنی مێژوویەکی دیاریکراو بۆ ساتە وەختی سەرهەڵدانی دیاردەی جیهانگیری، یەکێکە لەو گرفتانەی بەردەمی خوێنەر، لەم بـارەوە هێندە ناکۆکی هەیەو تـەواو دۆخیکی ناڕۆشنی خوڵقاندووە و ناتوانرێت بە ئاسانی هەمووان لە سەر یەك بۆچون کۆکبن، بۆ ئەم دابەشبونەش (د.علاو زهیر الرواشده) کۆی بیرمەند و شارەزایانی دابەشکردووە بەسەر سێ ئاراستەدا [1] .

ئاراستەی یەکەم: پێیانوایە بە دیقەتدان لە مێژووی مرۆڤایەتی، دەبینن مرۆڤ لە قۆناغیکەوە بۆ قۆناغیکی تر دۆخەکەی گواستوەتەوە و لە هەر قۆناغیکدا هەوڵیداوە بە شیوازو کەرەستەی نوێوە کاربکات، لەپێناو چەسپاندنی سیستمێکی گشتگیر و بەردەوام هەوڵەکانی لە کاردابووە بۆ گەیشتن بە قۆناغیکی باڵاتر، تا گەیشتن بەم قۆناغەی ئێستای جیهانگیری.

ئاراستەی دووەم: هەوادارانی ئەم ئاراستەیە بە زۆری پشت بە تێزەکانی (رولاند روبرتسون) دەبەستن لە بارەی مێژووی جیهانگیرییەوە، کە ئەمیش گەشەکردنی ئەم دیاردەیەی لە رووی مێژووییەوە دابەشکردووە بەسەر پێنج قۆناغدا (مرحله الجنینیه ، النشوء، الانطلاق، الصراع من اجل السیطره، الیقین).

ئاراستەی سێهەم: لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە، مێژووی سەرهەڵدانی جیهانگیری دەبەستنەوە بە گەشەسەندنی ئابوری ئەوروپا لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا.

بێگومان هەریەك لەم ئاراستانە لایەنگری خۆی هەیە

و پشتگیری لە راوبۆچوونەکانی خۆیان دەکەن، ئەگەرچی زۆرترین پاڵپشتی لە تێزەکانی (رولاند روبرتسون) دەکرێت، بەو پێیەی خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ قۆناغەکانی جیهانگیری کردووە.

لێرەوە دێینەوە سەر لانی زۆری ئەو تێز و بیروڕایانەی لە بارەی دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی جیهانگیرییەوە وتراوە و خراونەتەڕوو، هەندێك پێیانوایە رەگ و ڕیشەی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فتوحاتی فیرعەونە کۆنەکان، چ لەگەشتەکانیاندا بۆ وڵاتی (بونت) لە سۆماڵ، چ بۆ وڵاتی فینیقییەکان، کە دەکاتە وەڵاتی شامی ئێستا، چ لە پەلامارەکانیاندا بۆ شوێنە دوورەکان، بە تایبەتی بۆ هەردوو ئەمەریکا[2]. دیارە ئەم هەوڵەی فیرعەونەکان بە مەبەستی فراوانبوونی پیگەو دەسەڵات و دەستگەیشتنیان بووە بە سامانەکانی سەر زەوی و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی.

کەسانی تریش بۆ ناساندنی ئەم مێژووە، پێیانوایە سەرەتاکانی ئەم دیاردە جیهانییە بە شێوە سادە و سەرەتاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئاینە ئاسمانییەکان، ئەم مێژووەش لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا[3]، بێگومان ئاینی ئیسلامیش لەم چوارچێوەیەدا، پشکی گەورەی بەر دەکەوێت، بە دیقەتدان لە ناوەڕۆکی بەشێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و ژمارەیەك لە فەرمودەکانی پیغەمبەر، هەروەها لەشکر کێشی سوپای ئیسلامی بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی دنیا و فراونکردنی پانتایی دەسەڵاتییان، رێك ئەو پەیامە جیهانییە لە ناوەڕۆکی ئەم ئاینەدا بەدیدەکرێت. هەرچی (جلال امین)ە پێیوایە

زاراوەی جیهانگیری (العولمە)، لەم ساڵانەی دواییدا بە زۆری دەرکەوتووە، بەڵام وەك دیاردەیەکی جیهانی، مێژووەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکەی پێنج سەدە بەر لە ئێستاو بە ڕێکیش سەرەتاکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو گەشەکردن و پێشکەوتنە تەکنەلۆجی و بازرگانیانەی ئەو سەردەمانە[4]. بەشێکیش لە نوسەر و شارەزایان بۆ نوسینەوەی قۆناغە مێژووییەکانی جیهانگیری، هەر یەکە و هەڵگری بۆچوون و تێزی جیاوازن و بە شێوازی جیاجیا بۆسەر چەندین قۆناغ دابەشیانکردووە، بە نمونە یەکێکی وەك (د. محمد احسان الخچیری) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی(العولمە)، قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی جیهانگیری بۆ سەر چەند قۆناغێك دابەشکردووە[5]:

قۆناغی یەکەم، کە بە قۆناغی دروستبوون هەژماردەکرێت، ئەم قۆناغە لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەوە دەست پێدەکات، تاکو ناوەڕاستی سەدەی هـەژدە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك وەرچەرخان و گۆڕانکاری کراو وێنەی کۆمەڵگەکانی گۆڕی و کۆمەڵگە و دەوڵەتی نەتەوەیی بەرهەمهات، کە بیگومان کۆمەڵێك فاکتەر بە شێنەیی پێکەوە بوونە مایەی دروستبوونی ناوەڕۆك و پایە سەرەتاییەکانی جیهانگیری، لەوانەش:

1. پەلاماری سەربازی فراوانی هێزە گەورەکان، بۆسەر چەندین ناوچەی جیهانی.

2. فراوانبوونی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی ئابوری.

3. پەیدابوونی دیالۆگ و هزری نوێ و هاوچەرخ لە بوارە جیاجیاکاندا.

4.دروستبوونی دید و تێڕوانینی هاوبەش بۆ جیهانیکی نوێ.

5. راگەیاندن و رۆڵی لە بە سیاسیکردنی جیهانگیریدا.
6. ملکەچکردن و سەر پێ شۆڕکردن.
7. گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانیەت بە هەموو خەسڵەتەکانییەوە.

قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغە پێیدەوترێت قۆناغی لە دایکبونی زاراوەی جیهانگیری.

قۆناغی سێهەم: قۆناغی گەشەکردن و فراوانبوون، قۆناغی تیکەڵبوون بە بواری ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی...هتد.

قۆناغی چـوارەم: قۆناغی ململانێ لەپێناو پرۆسەی هەژمونگەراییدا، لەم قۆناغەدا چەندین جەنگی گەورەو کاولکەر روویانداوە.

قۆناغی پێنجەم: قۆناغی نەبوونی دڵنیایی، ئەم قۆناغە بە قۆناغی ئیستعماری سەربازی و سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەتۆکەی وەك ئەوەی جولەکە هاتەکایەوە، هەروەها هەڕەشەکانی ئەمەریکا بۆسەر چەندین وڵاتی دیکە، سەرەڕای فراوانبوونی شۆڕشی تەکنەلۆجیا و شۆڕشی پیشەسازی گەورە و سەرهەڵدانی سیستمێکی نوێی جیهانی، هەموو ئەمانەش نیشانەکانی ئەم قۆناغە بوون.

یەکێکی تریش لە شارەزایان کە بە جوانی ئاماژەی بۆ قۆناغبەندییەکانی دیـاردەی جیهانگیری کـردووە، (رولاند روبرتسون)ە، پێموایە ئەم توێژەرە شارەزای ئەم بوارەیە و زۆر بە دیقەتەوە لە بارەی دیاریکردنی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی جیهانگیرییەوە، تێز و بیروڕاکانی خستوەتەڕوو، بۆیە بە گرنگی دەزانم بە کورتیش بێت، لەم بارەوە ئاماژە بە دیدگاکانی رۆلاند بکەم، کە کۆی قۆناغەکانی پرۆسەی

گڵۆبالیزەیشنی دابەشکردووە بەسەر (5) قۆناغدا [6]:

قۆناغی کۆرپەڵەیی: ئەم قۆناغە لە ئەوروپا لە بەراییەکانی سەدەی پازدەوە، تا سەدەی هەژدە درێژ دەبێتەوە، لەم قۆناغەدا گەشەکردنی کۆمەڵگەی نەتەوەیی سەریهەڵداوە و کۆت و بەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، وردە وردە روویان لە هەڵتەکان و ئاوابوون کردووە، هەروەها دۆخەکە بە ئاقاری ماف و ئازادییەکانی تاك وکۆمەڵگە و کرانەوەی زیاتردا گوزەری کردووە، جیا لەوەی هەندێك داهێنان و پێشکەوتن لە بوارەکانی دۆزینەوەی جوگرافیا و دیاریکردنی کات... هتد، تەکانێکی باشتری بە قۆناغەکەدا.

قۆناغی پەیدابوون، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمەوە دەستپێدەکات، تاکو ساڵی(1870) و بگرە دواتریش، لەم قۆناغەدا چەمکەکانی تایبەت بە پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان چوونە ئاستێکی ترەوە، چەندین دامودەزگا و رێککەوتنامەی دووقۆڵی و سێ قۆڵی مۆرکران، لێرەوە بایەخدان بەنەتەوەو جیهان و کۆی دیاردە گەردوونییەکان، چوونە قۆناغ و ئاستێکی باڵاترەوە.

قۆناغی دەرچوون، لە ساڵی (1870) دەستپێدەکات و درێژدەبێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری هاتنە پێش و بوونە مایەی بەزاندنی سنورەکان، لێرەوە چەمکی گەردونی (الکونیە)، بایەخی زیاتری پەیداکرد، ژمارەیەك لە کۆمەڵگە نا ئەوروپییەکان تیکەڵ بە کۆمەڵگە نیودەوڵەتییەکان بوون و بایەخی زیاتر بە بیر و هزری مرۆڤایەتی درا، پەیوەندییەکانیش لەسەر ئاستی ژمارە و خێراییەوە، چوونە قۆناغێکی نوێ و پێشکەوتووترەوە.

قۆناغی ململانێ لەپێناو هەژموندا، لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات، تاکو ناوەڕاستی شەستەکانی هەمان سەدە، تێیدا ناکۆکی و جەنگی هزری لەسەر ئەو چەمکە تازە پێگەیشتوانەی، تایبەت بە پرۆسەی جیهانگیری هاتنەکایەوە، لێرە بە دواوە زۆرانبازی گەردونی لەمەڕ شێوازەکانی ژیان و جۆرەکانی هاتنەگۆڕێی، هەریەك لە رووداوەکانی هۆلۆکۆست و بەکارهێنانی بۆمبی ناوەکی دژی یابان و سەرهەڵدانی رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان، دۆخە سەرەتاییەکانی جیهانگیری بردە قۆناغ و سەردەمیکی نوێترەوە .

قۆناغی نەبوونی دڵنیایی، لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە دەستپێدەکات، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری هاتنەپێش، توانرا جیهانی سێ تیکەڵی و ئاشنایەتی بە جۆریك لە جۆرەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروستبکات، سەرەڕای ئەمەش هەندێك گۆڕانکاری تری ریشەیی لە چەندین بواردا هاتنەکایەوە، وەك دابەزین لەسەر مانگ و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و گەشەکردن و فراوانبوونی دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان و داهێنانی چەندین چەمکی نوێ لە بواری ئاسایش و کۆمەڵگەی مەدەنی و فرەیی کلتوری و نەمانی دوو جەمسەری، هەموو ئەمانە پێکەوەڕا زەمینەیان رەخساند، تاکو جیهانگیری پەلی زیاتر بهاوێت و بەم فۆرمەی ئێستایەوە دەرکەوێت.

هەر لە دێر زەمانەوە بیروڕاکان لە بارەی دیاریکردنی مێژووی جیهانگیرییەوە جێگای مشتومڕی زۆرن، کەسێکی وەك(توماس فیردمان) وای دەبینی ئەو جیهانگیریەی ئێستا

فۆرمەڵە بووە و بوونی هەیە، تەنها قۆناغیکی نوێیە لە پرۆسەیەکی گەورە و فراونتر، کە قۆناغی یەکەمی لە نیوەی سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکردووە، کاتێك گەشتی دەریایی لە ڕێگەی وزەی هەڵمەوە زیاتر بوو، قەبارەی بازرگانی نێودەوڵەتی بە شێوەیەك فراون بوو، پێشتر نەبینرابو[7].

دیــارە بە ئاست و قــەبــارەی جیاجیا لێکۆڵینەوەو بۆچوونەکان لەم بارەوە ئێجگار زۆرن، پێموایە ئەمەشیان زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لایەنی مێژوویی ئەم دیاردەیە تازە نییە و کەم و زۆر لەنێو چەندین قۆناغی مێژووییدا ڕەگی داکوتاوە و هەوڵەکانیش زۆرن، ئەگەرچی هەندێکیان کاتی و سەرەتایی بوون، ئەوەتا یەکێکی وەکو هیتلەر لە وتارێکدا لە بەردەم رایخی سێیەمدا زۆر راشکاوانە بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە، سۆشیالیزمی نێودەوڵەتی شۆڕشەکەی بە کاربهێنێت بۆ هێنانەکایەوەی سیستەمێکی نوێی جیهانی، کاتێکیش جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی(1945) کۆتایی هات، کۆمەڵێك گۆڕانکاری جۆراوجۆری لە گەڵ خۆیدا هێنا، بە تایبەتی گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێزدا، ئەمەش بووە قۆناغێکی نوێ بۆ ڕەخساندن و چەسپاندنی دیاردەی جیهانگیری، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەنێوان ساڵانی (1951-1948)، هەوڵەکانی خۆی بۆ پاوانخوازی خستەگەڕ، کاتێك (12 ملیار دولار)ی لە چوارچێوەی پــرۆژەی(مــارشــاڵ)دا، بۆ دووبــارە بنیاتنانەوەی وڵاتانی پیشەسازی رۆژئاوا و یابان تەرخانکرد، زۆرێك پێیانوایە ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا نیشانەی سەخاوەت و مرۆڤدۆستی نەبووە، بەڵکو ویستویەتی لەم ڕێگەیەوە ئەوروپا و یابان

بکاتە بەشێك لە بـازاڕی کـراوەی خۆی و لێرەوە بتوانێت هاوردەی شتومەك و بەرهەمی ئەمەریکی بکەن و دواتر هەلی بەرهەمهێنانی لەو وڵاتانە بۆ بڕەخسێت، جگە لەمەش سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە دارایی و بازرگانییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا فراونتربکات، بۆیە هەندێك لە شارەزایان ئەم هەنگاوانە لەو سەردەمەدا بە دەستپێکی سەرهەڵدانی پرۆسەی بە جیهانیبوون دەزانن لەلایەن ئەمریکاوە.

هەر پەیوەست بە دیاریکردنی قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئـەم دیـاردەیـە، توێژەر (محمد سعید ابـو زعــرور)، بەم چەشنە قۆناغەکانی گەشەکردن و سەرهەڵدانی جیهانگیری پۆلێنکردووەو دابەشکردووە بەسەر (3)ی قۆناغدا [8]:

قۆناغی سەرەتایی: بە دیدی توێژەر ئەم قۆناغە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستپێدەکات، نیشانەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە:

*ڕێکخستنی دراوی نەختینەیی و نرخەکان.

*دامەزراندنی بانکی نێودەوڵەتی.

*قۆناغی جیهانگیری هەرێمایەتی، لە بەراییەکانی نیوەی دووەمی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات.

*قۆناغی جیهانگیری گەردوونی، لە ساڵی (1985)وە دەست پێدەکات.

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، زۆربەی شارەزاو توێژەکان لەسەر چەندین لایەنی ئەم دیاردە جیهانییە کۆك و تەبانین و زۆربەیان دید و ڕوانگەیان جیاوازە، ئەوەتا کەسێکی وەك (سەمیر ئەمین)، کە هەڵگری بیری چەپەو تێزەکانی هەمیشە لە بەرەی دژە جیهانگیریدایە، ئاماژە بۆ قۆناغی ئیمپریالیەت

دەکات، پێیوایە ئەمەش تەنها قۆناغێکە لە سەرمایەداری، پێیوایە سەرمایەداری بۆ هەر قۆناغێك خۆی بە شێوەیەك دەردەخـــات، کە ئامانجی هــەرە رونیشی فراوانکردن و هەژمونێتی بە سەر گەلانی تردا، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە سەرەتاکانی دەرکەوتنی جیهانگیری دەگەڕێتەوە بۆ پێنج سەدە بەر لە ئێستا، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی ئەمەریکا لە سەدەی شازدەدا[9]. هەر لەم چوارچێوەیەدا (د. سناو کاظم قاطع)، قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی جیهانگیری بۆ سەر (3) قۆناغ دابەشدەکات[10]:

قۆناغی (مێرکانتالیزم) و سەرمایەداری بازرگانی (1500-1800) .

قۆناغی پیشەسازی (1800-1950) .

قۆناغی سەرمایەداری هاوچەرخ(1950) دەستپێدەکات تاکو ئێستا.

سەرباری جیاوازییەکان، هاوزەمان دەبینین بەشێك لە بیرمەندو شارەزایان لە بارەی دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی چەکەرەکردن و قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم دیاردەیە هەندێك بۆچوونی هاوشێوە و لێکنزیکیان هەیە، لە هەندێك بوار و قۆناغ و ناولێناندا تەبا و هاوبیرن و لە هەندێك شوێنیشدا ناکۆك و ناتەبان، بۆیە لە ئەنجامی خوێندنەوە، هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی بەشێك لەو بیروڕایانە، دەکرێت ئێمەش لای خۆمانەوە بەم چەشنە قۆناغبەندی بۆ مێژووی جیهانگیری بکەین و دابەشی بکەین بەسەر (3) قۆناغدا:

قۆناغی یەکەم: ئەم قۆناغە لانی کەم دەگەڕێتەوە

بـۆ(2500) ساڵ بەر لە ئێستا و دەکرێت دابەشیانبکەین بەسەر دوو هەوڵدا:

هەوڵی یەکەم: بریتییە لەو هەنگاو و هەوڵانەی، کە لە سەردەمی فیرعەون، یۆنان و ڕۆمانەکان دانراوان، بە ئامانجی فراوانکردنی دەسەڵات و دەستگەیشتنیان بە زۆرترین پێگەی جوگرافی و سەرچاوەکانی ژیان و کۆنترۆڵکردنی زۆرترین ناوچە.

هەوڵی دووەم: سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکان و بانگەشەکردنیان بۆ جیهانێتی و بەخشینەوەی پەیامێکی گەردونی فراوان، پەلهاویشتنیان بۆ زۆرترین ناوچەو دەڤەر بە پشتبەستنیان بە دەقە ئایینییەکان، یەکێك لەو هەوڵە سەرەتاییانە بووە بۆ چەسپاندنی پەیامێك و دەسەڵاتێکی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، دەکرێت ئەم هەنگاوانە لە ژێر ناو و پەیام و شێوازی جودا جودا دا، بەجۆرێك لە هەنگاونان دابنرێن بۆ چەسپاندنی شێوەیەك لە شێوەکانی جیهانگیری، بەڵام بە فۆرمی ئایینیەوە، ئەگەر بێت و ئەم هەوڵانەش بە سەرەتاکانی جیهانگیری بخەملێنین، ئەوا دەبێت ئەو راستییەش بزانین، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو هەوڵانە و ئەم جیهانگیرییەی ئێستادا هەیە، وەك:

*جیاوازی لە ناو و ناوەڕۆکدا.

*جیاوازی لە ڕەهەندە ئابوری وسیاسی وکلتوری...هتد .

*بوونی جیاوازی لە بەرنامە و کارەکتەر و کەرەستە و ئامڕازەکاندا.

*جیاوازی لە پەیام و ئامانجەکاندا.

*جیاوازی لە ئاست و قەبارە و کاریگەرییەکاندا.

قۆناغی دووەم: قۆناغی دەرکەوتن و فۆرمەلەبوونی ئامراز و کەرەستە و ئامانجە نوێیەکان، ئەم قۆناغە لە سەدەی پازدەوە دەستپێدەکات و بە چەندین ئاڵوگۆڕ، وێستگەی جیاجیادا گوزەردەکات، لە بەر ڕۆشنایی ئاڵوگۆڕە سیاسی، ئابوری، جوگرافی، بازرگانی، زانستی، پیشەسازی و فەلسەفی... هتد، دۆخیکی نوێی جیهانی رەخساو سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی کەوتنە بەردەم شەپۆلێك گۆڕانکاری خێراوە، لێرەوە بیرکردنەوەی هەندێك لە بیرمەندان و زانایان، دواتر هەندێك لە هێزە جیهانییەکان گۆڕانی ریشەیی بە سەریاندا هات و کۆمەڵێك تێزو دیدی جیهانی فراوان بەرهەمهێنران، کە پێکەوە زەمینەی سەرهەڵدانی بیری جیهانێکی گەورەترو فراوانتر هاتەکایەوە، کە دەکرێت بە قۆناغی نەشونماکردنی بیری جیهانگیری بیخەملێنین، دەکرێت گۆڕانکاری و خەسڵەتەکانی ئەم قۆناغە بەمشێوەیە ریزبەندیبکەین:

*سەرهەڵدانی رێنیسانسی ئەوروپی.

*دۆزینەوەی جوگرافیا نوێکان .

*جەنگ و پەلامارە سەربازییەکان.

*دەرکەوتنی کۆمەڵگەو دەوڵەتی نەتەوەیی.

*پیشکەوتنە ئابوری و بازرگانییەکان.

*پێشکەوتنە پیشەسازی و تەکنەلۆجییەکان.

*فراوانبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

*داهێنانە جۆراوجۆرەکان.

*تێز و هزرە فەلسەفییەکان.

*جەنگە جیهانییەکان.

*دروستبوونی دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان.

*رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

*دروستبوونی دامودەزگای ئابوری و دارایی جیهانی.

*جەنگی ساردی نێوان هەردوو زلهێزە جیهانییەکەی ئەو سەردەمە.

قۆناغی سێهەم: قۆناغی هەژموونی پرۆسەی جیهانگیرییە، ئەم قۆناغە لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات و تا هەنوکە بەردەوامە، پێمانوایە فاکتەرەکانی گەیشتنی جیهانگیری بەم قۆناغە باڵایە، دەگەڕێتەوە بۆ:

*کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و نەمانی ململانێی نێوان هەردوو زلهێزە جیهانییەکە.

*رووخانی دیواری بەرلین لە نێوان هەردوو ئەڵمانیادا.

*کەوتنی یەکێتی سۆڤیەت، وەکو یەکێك لە زلهێزە جیهانییەکان.

*هەڵگیرسانی جەنگی کەنداو.

*کۆمەڵێك گۆڕانکاری ئابوری سیاسی و تەکنەلۆژی...هتد.

*دروستبوونی چەندین تەکەتولی سیاسی و ئابوری.

*دروستبوونی چەندین دامودەزگای ئابوری و دارایی جیهانی.

*چەندین فاکتەری تری سیاسی و ئابوری و دارایی...هتد .

# پێناسەی جیهانگیری

ڕەنگە دارشتنی پێناسەیەکی ورد و تەواو بۆ دیاردەی جیهانگیری، هێندە کارێکی ئاسان نەبێت، ئەمەش پتر بۆ فرە تێڕوانینی جیاواز دەگەڕێتەوە لەبارەی سەرهەڵدان و سەرچاوە و بنەما و ئامانج و باکگراوندەکانی ئەم دیاردە جیهانییە، بۆیە یەکەم کاری قورس دووچاری هەر توێژەر و لیکۆڵەرەوەیەك دەبێت لەمەڕ چەمکی جیهانگیری و کۆی تایبەتمەندییەکانی، مەسەلەی پێناسەکەیەتی.

ئەم زاراوەیە تا ئەندازەیەك هەڵگری تەمومژێکی زۆرە، تێڕوانینە ئایدۆلۆژی و فرە ڕەهەندی دیاردەکەو قۆناغەکانی نەش و نماکردنی، وایکردووە چەندین پێناسەی بۆ دابتراشێت و هەر یەکە، لە ڕوانگەی خۆیەوە دیقەت لە شوناسی وەها دیاردەیەك بدات، ئەمەش بە جێی خۆی جۆرێك لە بەدگومانی و ناڕۆشنی لای خوێنەر دروستکردووە، زۆربوونی پێناسەکان و جیاوازی دید و تێڕوانینەکان لەم بارەوە، ئەرکی سەرشانی خوێنەری هێجگار لەنگ کردووە، سەرەڕای ئەوەی لەم بـارەوە توێژەر و شارەزایانی دابەشکردووە بەسەر چەند بەرەیەکی نەیار و لایەنگردا ، لای شارەزایەکی وەك (صادق جلال العظم) هۆکارەکانی ئەم دابەشبوونە لەمەڕ پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ جیهانگیری، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی گوایە هێشتا ئەم دیاردەیە لە قۆناغی پێکهاتن وفۆرمەلەبوون و دروستبووندایە، گەواهیشی بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە[11]:

یەکەم : تاکو ئێستا ئەم دیاردەیە لە هەموو شوێنێك لە ژێر پیاهەڵدان و چاودێری و لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردندایە.

دووەم: هەر بابەتێك تایبەت بێت بەم دیاردەیە، بە دەوری خودی دیاردەکەدا دەخولێتەوە، تا ئەم چرکە ساتە تەنها لە چوارچێوەی گفتوگۆ، تیۆر، پێشنیار، پیاهەڵدان، هێرشکردندایە و هیچیتر، کەواتە بە بۆچوونی ئەم نوسەرە هێشتا گلۆباڵیزەیشن لە قۆناغی پێگەیشتن و نەشونماکردندایە، هەربۆیە هەموو بیرمەند و شارەزایان لەسەر پێناسەیەکی یەکگرتوو کۆك نین، ئەگەرچی پێموایە ئەم بۆچونە دەکرێت بە رێژەیی وەربگیرێت، چونکە لە ئێستادا سەرجەم خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەم دیاردەیە دەرکەوتوون و دەکرێت پێناسەکەی لە قاڵبدرێت و کۆدەنگی لە بارەوە دروستبکرێت.

زۆرن ئەو زاراوە و چەمکانە بەردەوام لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا خۆیان دەخەنە ئاسۆ، پاشان لە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری و رووداوەکاندا خۆیان بە شوناس و تایبەتمەندی جیاجیاوە دەچەسپێنن و دەبنە بابەتی کارپێکراو، چونکە گۆڕانکارییە سیاسی، ئابوری، بازرگانی، کۆمەڵایەتی، زانستی و پێشکەوتنەکان، بۆ هەر قۆناغێك پێویستیان بە ناو و شوناس و مۆرکی تایبەت هەیە، بەم دوایانەش پڕ کاریگەرترین، پڕ باس و خواسترین زاراوە هاتووەتەگۆڕێ و هەمووانی بە خۆوە سەرقاڵکردووە، بێگومان ئەویش زاراوە، یان چەمکی جیهانگیرییە، لە ئێستادا زۆرترین بیرمەند، شارەزا و ناوەندی فەرهەنگی، ستراتیژی ئیقلیمی و نیودەوڵەتی بە خۆوە سەرقاڵکردووە و پێکەوە لە گۆشەنیگای جیاجیاوە کاری لەسەر دەکرێت.

جیهانگیری وەك دیارترین و کاریگەرترین چەمك لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە، لە دنیای رۆژئـاواوە هاتوەتە نێو زمان و رۆشنبیری کوردییەوە، کە ئەورووپییەکان پێیدەڵێن (globalization) و لە وشەی (global) وەرگیراوە و بەمانای جیهانی دێت، لە زمان و فەرهەنگی عەرەبیشدا وشەی عەولەمە بۆ ئەم چەمکە بەکارهاتووە، هەندێکجاریش خودی نوسەرە عەرەبەکان وشەی (الكونیە) و (الكوكبە) بە کاردەهێنن، بۆئەوەی زیاتر لەو پێناسانە وردببینەوەو هەندێك شیکاری بۆ بکەین، واباشە هەندێك لەو پێناسانەی کە لە روانگەی جیاوازەوە بۆ ئەم چەمکە داتاشراون بیانخەینەروو، پاشان سەرنجی خۆمانیشی بخەینە سەر.

(فرانسیس فۆکۆیاما)ی خاوەن بە ناوبانگترین تیۆری بیری هاوچەرخ و بیرمەندی دیاری ئەمەریکی، لە بارەی جیهانگیرییەوە دەڵێت "جیهانگیریی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ هیگڵیزمی نوێ و سەرکەوتنی ئەو لیبڕالیزمەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەویدەکات، تا ئەو جێگەیەی مێژوو تێیدا کۆتاییدێت و تا ناکۆتا لە خولگەکەیدا دەخولێتەوە"[(12)]. فۆکۆیاما وەك بیرمەندێکی ئەمەریکی تاڕادەیەك لەدیدێکی ئایدۆلۆژییەوە دەڕوانێتە ئەم دیاردەیەو پێیوایە سەرهەڵدانی جیهانگیری یەکسانە بە سەرکەوتنی بیری لیبرالیەت، کە خودی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رێبەرایەتی دەکـات، ئەگەرچی تێزەکانی ئەم بیرمەندە بەتایبەتی لەبارەی کۆتایی مێژووەوە، تا ئەندازەیەك دووچاری شکست و رەخنەی زۆر بووەوە. هەرچی سادق جەلال عەزمی نوسەر و بیرمەندی عەرەب هەیە لەرەهەندی ئابورییەوە

پێناسەی جیهانگیری دەکات و دەڵێت "جیهانگیریی گەیشتنی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە لە دەوروبەری نیوەی ئەم سـەدەیـەدا، بە خاڵی وەرچـەرخـان لە جیهانیبوونی بازنەی ئاڵوگۆڕ و دابەشکردن و بەبازاڕکردن و بازرگانی و دەستاودەستکردنەوە بۆ جیهانیبوونی بەرهەمهێنان و دووبـارە بەرهەمهێنانەوەی خۆی لە دەرەوەی چەقی سەرەکیی کۆمەڵگەکان و دەوڵەت، بەم مانایە جیهانگیریی بریتییە لە بەسەرمایەدارکردنی جیهان لەسەر ئاستێکی قووڵ، دوای ئەوەی پێشتر ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی رووکەش بوو"[13]. نوسەر لەم پێناسەیەدا رەهەندی ئابوری، دارایی و بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی جیهانی دەکاتە پێوەر و پێیوایە تەرزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ناوەڕاستی سەدەی رابـردووەوە، لە قۆناغێکەوە گواستراوەتەوە بۆ قۆناغێکی گەورە، فراوانتر و دەقێکی جیهانی بەربڵاوتری وەرگرتووە.

لە بەرانبەردا کەسێکی وەکو(انتونی غایدن) رەخنەکانی ئاراستەی ئەوانە دەکـات، کە تەنها لە گۆشەنیگایەکەوە دەڕواننە جیهانگیری، چونکە ئەم پێیوایە ئەو دیاردەیە ئەزمونێکی مرۆڤایەتی و مێژوویی نوێیە، بەڵکو شۆڕشێکە[14]، بەڵام هەرچی نوسەرە عەرەبەکانە بە هەردوو رەوتی چەپ و ئیسلامییەوە، هەمیشە بە چـاوی گومانەوە دەڕواننە جیهانگیری و بەردەوام بە وێنایەکی ناشرینی و نابوودەوە پیشانی دونیای عەرەبی و ئیسلامی دەدەن، زۆربەیان لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم دیاردەیەدا، نەیانتوانیوە خۆیان لە ئایدۆلۆژیا و باکگراوەندە هزری و مێژووییەکانیان داماڵن و لەڕووی زانستی و واقیعیەوە، دیقەت لە رەهەندەکانی

جیهانگیری بــدەن و خۆیان لە هەموو باکگراوندێك رزگاربکەن، هەر بۆیە ئەم رەوتە لە هەڵسەنگاندن و روانیندا وایکردووە لای بەشێك لە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی بە چاوی گومانەوە بڕوانرێتە ئەم پرۆسەیە.

کەسێکی وەك (عبدالرزاق عبد) بە جیاواز لە هەندێك لە شارەزایانی تر، لە رەهەندی سەربازییەوە دەڕوانێتە عەولەمە، پێیوایە ئەم دیاردەیە سەرەڕای ئەوەی فراوانبوونی سەرمایەدارییە، بە دەستێکیشی دەمانچەیەکی نەوەوی نوێی هەڵگرتووە و جیهانگیرییەکی سەربازی لەسەر بنەمای پڕوپاگەندەی رۆشنبیری بەکاربەری دروستکردووە[15] هەرچی (ولیم جریدر)ە، بەم چەشنە جیهانگیری پێناسەکردووە و دەڵێت "ئامێرێکی سەیر و عەجیبی شۆڕشی پیشەسازی و بازرگانیی جیهانییە، کە لە یەککاتدا هەم توانای برەوپێدان و هەم وێرانکردنی هەیە، لە رەوتی خۆیدا سنوورە نێودەوڵەتییە نـاسراوەکـان فەرامۆشدەکات، چەندێکیش بووژێنەرەوە و ژیانبەخشە، هێندەش ترسێنەرە..."[16]. وای دەبینێت جیهانگیری بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و بازرگانییە، چۆنیش بخوازێت ئاوەها سنورە ناسراوەکان تێدەپەڕێنێت، ئەم نوسەرە پێیوایە ئەو دیـاردە جیهانییە چۆن دەکرێت سودمەند بێت، هاوکات جێگەی گومان و مەترسیشە.

بیرمەندی گــەورەی فەرەنسیش (روجـیـە گــارودی) ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـات، جیهانگیری سیستەمیکە تێیدا بەهێزەکان دەتوانن دیکتاتۆریەت بەرهەمبهێنن و رێگەیان پـێـدەدات لە ژێـر پـەردەی ئاڵوگۆڕی ئـازادی و بـازاڕی ئـازاد دا، پەلاماری بێهێزەکان بـدەن[17]. هەر لە درێژەی

داڕشتنی پێناسە جۆراوجۆرەکاندا، لە روانگەی جیاوازەوە بۆ جیهانگیری، بیرمەندی دیاری عەرەب (بورهان غلیون)، عەولەمە بە دینامیکییەتێکی نوێ لەنێو بازنەی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکاندا دەزانێت، کە لە ئاستێکی بەرز و خێرادا بڵاوە بە زانیاری، دەسکەوتە تەقەنی، زانستی و ژیارییەکان دەکات، بە تایبەتی لە ئاستی فاکتەری دەرەکیدا رۆڵی زیاتر دەگێڕێت...[18].

پێموایە گرنگە هەندێکجار لە زاری بەرپرسانی باڵا و شـارەزای وڵاتانەوە، گوێمان لە دید و پێناسەکان بێت، لەمەڕ هەندێك چەمك و بابەتە جێ بایەخەکان، نەخاسما ئەو بەرپرسە باڵایانەی نێو دنیای سیاسەت و بەڕێوەبردن لە رۆژئاوادا، کە وڵاتەکانیان زێدی بەرهەمهێنانی چەندین چەمك و بیرۆکەی نوێن، کەسێکی وەك (ستروب تالیورت) ی جێگری وەزیری دەرەوەی پێشوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەبارەی چەمکی جیهانگیرییەوە راشکاوانە دەڵێت "جیهانگیری شۆڕشی تەکنەلۆژی و پەیوەندییەکان و گەشەی بازرگانیی نێودەوڵەتی و کۆتایی جەنگی ساردە، بەهۆی جیهانگیرییەوە بەشە جیاوازەکانی جیهان بەجۆرێک بە یەکەوە دەبەسترێن، کە پێشتر بەم جۆرە نەبووە..." [19] . پیموایە ئەمجۆرە پێناسانە گرنگی خۆیان هەیە، ئەوەش لەبەرئەوەی بەرپرسێکی باڵای وڵاتێکی وەك ئەمەریکایە، کە ئەمڕۆ تا ئەندازەیەك وەك تاکە زلهێزێك رێبەرایەتی جیهان دەکات و رابەری سەرەکی و سودمەندی یەکەمە لە پرۆسەی جیهانگیری، بۆیە راوبۆچوون و سەرنجەکانییان گرنگن لەم بارەوە و دەتوانین بە دیقەتدان لە ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیە،

رەگەزە سەرەکییەکانی جیهانگیری زیاتر روونبکەینەوە، کە بریتین لە:

*شۆڕشێکی تەکنەلۆجی و گەیاندەن.

*گەشەکردن و فراوانبوونی بازرگانی نێودەوڵەتیی.

*کۆتاییهاتنی جەنگی سارد.

*پەیوەستبوون و تێکەڵبوونی زیاتری وڵاتان بە یەکترەوە، لە ڕێگەی چەندین ئامرازەوە.

لە درێـــژەی ئـەو پێناسانەی کە لـەلایـەن شــارەزا و بیرمەندانەوە بۆ ئەم چەمکە، یان ئەم دیاردە فرە رەهەندە جیهانییە دەکرێت، یەکێکی وەك (الدكتور محمد عوج الهزايمه) پێیوایە جیهانگیری بریتییە لە چەسپاندنی مۆدیلی رۆژئـاوایـی لـەڕووی ئابوری، سیاسی، ئاکار، پــەروەردە و رۆشنبیری...[20] .

زانای دیاری بواری رامیاری ئەمەریکا (جیمس روزناو)، وردتر لە دیاریکردنی پێناسەی جیهانگیری دەکۆڵێتەوە و پێیوایە دەبێت پێناسەیەکی روون و ورد بۆ ئەم چەمکە بکرێت، بۆیە لەم بارەوە دەڵێت "پەیوەندیی نێوان ئاستە جیاجیاکانی شیکارییە: ئابوری، سیاسی، کولتووری و ئایدۆلۆژی، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەرهەمهێنان و تێپەڕینی پیشەسازیی لە سنوورەکان و بڵاوبوونەوەی بازاڕە داراییەکان دەگرێتەوە، لەهەمانکاتدا هاوشێوەبوونی کاڵا بەکاربراوەکانە لە دەوڵەتە جیاجیاکاندا، ئەویش لە ئەنجامی ململانێی نێوان گروپە کۆچبەرەکان و گروپە نیشتەجێکان"[21] وەك لەم پێناسەیەدا هاتووە، ئەم زانا ئەمەریکییە دەکارێت لە چەندین رەهەندی رامیاری، ئابوری، فەرهەنگی و ئایدۆلۆژییەوە بڕوانێتە

جیهانگیری و بە پرۆسەیەکی تاڕادەیەك گشتگیری دەزانێت، سەرەڕای ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەم پرۆسەیە بریتییە لە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەرهەمهێنان، چۆنێتی ئاڵوگۆڕ و گۆاستنەوەی لە سنورەکانەوە بۆ وڵاتە جیاجیاکان.

(الدکتور صبری عبدالله) کە زیاتر چەمکی گەردونی (الکوکبە)بۆ ئەم پرۆسەیە بە کاردەهێنێت، پێیوایە ئەم دیاردەیە بریتییە لە تێکەڵبوونێکی دیاری کاروباری ئابوری، کۆمەڵایەتی، رامیاری، رۆشنبیری و ئاکارەکان، بێ رەچاوکردنی سنوری وڵاتانی خاوەن سەروەری و ئینتمای نیشتمانی دیاریکراو، هەندێکجار رۆڵی حکومەتەکان تێیدا ونە[22]. هەرچی (السید یاسین)ە، لەرێگەی ئاشکراکردنی جەوهەری جیهانگیرییەوە، کە بەدیدی ئەو، خۆی لە سێ ئامانجدا بە دیدەکات، پێناسەی ئەم دیاردەیەمان بۆ روونەدەکاتەوە و دەڵێت[23]:

*بڵاوبوونەوەی زانیارییە، بە شێوەیەك بە ئاسانی لە بەردەستی هەموو هاوڵاتییەك دابێت.

*تواندنەوەی سنوری نێوان دەوڵەتان.

*بەرزبوونەوەی رێژەی هاوشێوەبوون لە نێوان گروپ وکۆمەڵگە و دامودەزگاکاندا.

پێمخۆشە دیدی کوردیش لەم بارەوە بخەمەڕوو، ئەویش بە گەڕاندنەوە بۆ راپۆرتی گشتی دووەم کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی (2001) ئەنجامدراوە و لەلایەن سکرتێری گشتی حزبەکەوە ئامادەکرابوو، لەبارەی پرۆسەی جیهانگیرییەوە دەڵێت» بە جیهانیبوون قۆناغێکی مێژوویی گەشەکردنی سەرمایەداری و زاڵبوونی سیستەمەکەیەتی

لەسەر ئاستی جیهان، کە تێیدا هەندێك دیاردەی نوێ یان دێرینی گەشەکردو و زەق بوونەتەوە»[24].

هەر لەم بارەوە (الدكتور محمد عمارە) بەمشێوەیە دەڕوانێتە جیهانگیری و دەڵێت» مۆدیلێکی رۆژئاواییە و دەیەوێت جیهان لە بوارەکانی رامیاری، ئابوری، ئاکار، رۆشنبیری و سەربازییەوە، بخاتە نێو چوارچێوەیەکەوە «[25].

تائێرە پێموایە بەشێك لەو پێناسانەی بۆ جیهانگیری کراوە لە گۆشەنیگای جیاجیاوە خرانەڕوو، سەرئەنجام هەست بە جۆریك لە دابەشبووندەکرێت و هەست بەوە ناکرێت، هەموان لەسەریەك پێناسە کۆکبن، پێموایە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، جیهانگیری پرۆسەیەکی هەمەلایەن و فرە رەهەندە و مامەڵەکردن و سنوردارکردنی لە ئاست و بوارێکدا ئاسان نییە، لەلایەکی تریشەوە رۆڵی ئایدۆلۆژیا و باکگراوندە هزرییەکان، رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن بۆ کۆکنەبوونی شارەزایان و بیرمەندان لەسەر داڕشتنی پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ ئەم دیاردە جیهانییە.

زۆربەی توێژەر و زانایانی عەرەب، تەنانەت موسڵمانانیش بە چەپ و ئیسلامییەوە، بە هەندێك لە نەتەوەپەرستەکانیشەوە، پییانوایە جیهانگیری مۆدیلیکی ئەمەریکی- رۆژئاواییە و ئامانجیان هەژمونکردنە لە رووی ئابوری، رامیاری و رۆشنبیری...هتد بەسەر گەلانی تر، هەندێکیش پێیانوایە قۆناغێکی مێژووییە وەکو دیفاکتۆیەك لە هەموو بوارەکاندا خۆی سەپاندووە و دەکرێت مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵدا بکرێت، لە بەرانبەردا ژمارەیەك پێیانوایە ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە و شمشێرێکی دوو سەرەیە،

چۆن دەکرێ سودمەند بێت، ئاوەهاش دەکرێت ببێتە مایەی مەترسی و هەڕەشە.

بۆیە لە کۆتاییدا پێموایە جیهانگیری قۆناغێکی مێژوویی فرە رەهەندە، هەڵگری شوناسیکی رۆژئاواییە و وەکو دیفاکتۆیەك لەسەرجەم کایەکاندا ئامادەگی هەیە.

# جۆرەکانی جیهانگیری

زۆربەی شارەزا و بیرمەندان تا ئەندازەیەك لەسەر ئەو رایە کۆکن، کە جیهانگیری زۆربەی هەرە زۆری کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، بە تایبەتی لە بوارەکانی رامیاری، ئابوری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سەربازی...هتد. ئەگەرچی هەندێك جار مۆرکە ئابورییەکەی ئەم دیاردەیە بەسەر جۆر و کایەکانی تردا زاڵە، چونکە زۆرێك پێیانوایە کایەی ئابوری و ئـارەزوی هەژمونگەرایی پاڵنەری هەرە سەرەکین بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیاردەی جیهانگیری.

وەك دەبینین زۆربەی ئامرازەکانی ئەم دیاردەیە فۆرم، ئامانجی ئابوری و داراییان لە خۆگرتووە، هەر بۆیە ژمارەیەك لە پسپۆڕان زیاتر مۆرکێکی ئابوریان بڕیوەتە بەر جیهانگیری، هەرچۆنێکبێت لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتیش بێت، ئاماژە بە جۆرەکانی جیهانگیری بکەین، کە هەموو جۆرەکان پێکەوە ئەم پرۆسەیە پێکدەهێنن و زۆرجاریش تەواوکەری یەکترن بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵا، بۆیە لانی کەم جۆرەکانی عەولەمە بریتین لە:

# جیهانگیری ئابوری

جیهانگیری ئابوری به‌ مانای دروستبوونی سیسته‌میکی ئابوری، بازرگانی و دارایـی جیهانی کـراوه‌ دێـت، تێیدا سه‌رجه‌م به‌ربه‌سته‌کان له‌ به‌رده‌م جموجۆڵی شتومه‌ك، کاڵا، خزمه‌تگوزاری و فاکته‌ره‌کانی به‌رهه‌مهێنان هه‌ڵده‌گیرێت، سه‌رمایه‌ و به‌رهه‌م و بازرگانی نێوده‌وڵه‌تی ئازاد، بێ هیچ کۆت و به‌ندێك جوڵه‌ی خۆی ده‌کات، له‌م سیسته‌مه‌ ئابورییه‌دا و له‌ رێگه‌ی خۆسه‌پاندنی کۆمپانیا فره‌ ره‌گه‌زه‌کان و رێکخراوه‌ جیهانییه‌کانی وه‌کو بانکی نێوده‌وڵه‌تی و سه‌ندوقی نه‌ختینی نیوده‌وڵه‌تییه‌وه‌، بازاڕێکی جیهانی بێ سنور دروستده‌بێت، سه‌ره‌ڕای پێکهاتنی چه‌ندین ته‌که‌تولی ئابوری نیوده‌وڵه‌تی و هه‌رێمایه‌تی، هه‌موو ئه‌مانه‌ پێکه‌وه‌ کار به‌ ئاراسته‌ی جیهانگیری ئابوری ده‌که‌ن و به‌ ئامانجی بنیادنانی بازاڕیکی ئابوریی و زۆرجار به‌ هێزه‌کان تێیدا زیاتر ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌بن، هاوزه‌مان هه‌ژاره‌کانیش زیاتر هه‌ژارتر ده‌بن.

هـه‌ر لێره‌وه‌یه‌ هه‌ندێك له‌ شـاره‌زایـان له‌ روانگه‌ ئابورییه‌که‌وه‌ ده‌ڕوانن‌ه کۆی دیارده‌که‌ و ده‌ڵێن جیهانگیری جوڵه‌یه‌کی کاراو ئازاد و خێرایه‌ بۆ ئاڵوگۆڕی دارایی، بازرگانی، هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی سنور، به‌ربه‌ست و باجه‌کان، له‌ به‌رده‌م جوڵه‌، ئاڵوگۆڕی کاڵا و سه‌رمایه‌دا[26].

هه‌ر له‌باره‌ی جیهانگیری ئابورییه‌وه‌ (الدکتور فالح عبدالجبار)، باس له‌ خه‌سڵه‌ته‌کانی ئه‌م جۆره‌ له‌ جیهانگیری

دەکات و پێیوایە سێ خەسڵەتی سەرەکی هەیە، ئەوانیش[27]:

یەکەم: جیهانگیری ئابوری لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتی نەتەوەییە، ئەمەش بواری زیاتری بۆ کێبڕکێ و ململانێ دەڕەخسێنێت.

دووەم: رۆڵی لە رادەبــەدەری کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و بونیان بە کۆمپانیای ســەرووی نەتەوە و دروستبوونی سەرمایەیەکی سەرپشکی بێ هیچ رێسایەکی نیشتمانی دیاریکراوە.

سێهەم: تێکچوونی توانای سیاسی و هاریکاری کار...هتد.

بەمەش دەوڵەتی نەتەوەیی لەچوارچێوەی جیهانگیری ئابوریدا، زۆربەی دەسەڵاتەکانی لە دەستدەدات، تەنانەت لە بوارەکانی تریشدا زۆر لاواز دەبێت، بۆیە هەژموونی ژمارەیەك دەوڵەتی گەورەی جیهانی و هەندێك لە کۆمپانیا زەبەلاحەکان، مەترسییەکان بۆ سەر دەوڵەت و گەلانی تری جیهان، بە تایبەتی وڵاتە هەژار و دواکەوتووەکان زیاتر و فراوانتر دەبێت، لێرەوە چەندین هەڕەشەی جدی دێنەئاراوە و گومان دەکرێت لەم سیستەمە ئابورییەدا، مەسەلەی دابەشکردنی سامان و داهات ناهاوسەنگی و نادادپەروەری ئێجگار زۆری بەر کەوێت.

جیهانگیری ئابوری لە کـۆی پرۆسەی جیهانگیریدا پشکی زۆری بەردەکەوێت و بە لێکدانەوەی جیاجیاوە دەبینین چ لە رواڵـەتـدا و چ لە جــەوهــەردا، رەهەندە ئابوری و داراییەکان، کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە پیکدەهێنن، هەر ئەمجۆرەش لە تێڕوانینی کەسێکی وەك (حوریە سعداوی) دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی جیهانگیری

ئابوری بریتییه له (یەکگرتن و تێکەڵبوونی بازاڕەکانی جیهانە لە مافە بازرگانییەکان و سەرمایەگوزارییە راستەوخۆکان و گواستنەوەی پارە و داراییەکان و هێزی کار و کولتوور، لە چوارچیوەی سەرمایەداریی بازاڕی ئازاددا، هەر بەو جۆرەش ملکەچبوونی جیهانە بۆ هێزی بازاڕە جیهانییەکان، کە هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی تێپەڕاندنی سنورە نەتەوەییەکان و کاڵبوونەوەیەکی گـەورەی سەروەریی وڵاتـان، رەگەزی سەرەکیی ئەم دیاردەیە، بریتییە لە کۆمپانیا سەرمایەدارییە فرەنەتەوە زەبەلاحەکانن)[28]. لەم روانگەیەوە ئەوەمان بۆ روونده‌بێتەوە جیهانگیری ئابوری بە مانای تێکەڵکردنی سەرجەم بـازاڕە جیهانییەکانە، لە ژێر سایەی بازرگانی وەبەرهێنانی راستەوخۆدا، هەروەها گواستنەوەی سەرمایە، شتومەك و هێزی کارە بە ئـازادی و بێهیچ کۆتوبەندێك، تەنانەت دەکرێت فەرهەنگیش بە ئاسانی و بە ئازادی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت، تەواوی جیهان ملکەچ بێت بۆ بازاڕێکی جیهانی، بۆ ئەمەش ئامرازێکی سەرەکی رۆڵـی تـەواو دەگێڕێت، کە ئەویش کۆمپانیا زەبەلاحەکانە.

لای کەسانی تریش وا گوزارشت لەم جۆرەی جیهانگیری کراوە، کە بریتییە لە ئابوری ئازاد، بازرگانی ئازاد، هەژمونی کۆمپانیاکان، کەمکردنەوەی رۆڵی کەرتی گشتی و زیادبوونی رۆڵی کەرتی تایبەت، لە رێگەی بە تایبەتکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە[29]. دەکرێت لە کۆی ئەو پێناسە و روانینانەی بۆ جیهانگیری ئابوری کراون، چەند رەگەز و تایبەتمەندییەکی هاوبەش بخەینەڕوو:

*بازاڕی ئازاد.
*هەژمونی کۆمپانیا فرە رەگەزەکان.
*بە تایبەتمەندکردنی ئامرازەکانی وەبەرهێنان.
*کاڵبونەوەی سنورەکان و کەمبوونەوەی سەروەری نیشتمانی.

بیگومان ئەم جۆرە لە جیهانگیری کۆمەڵێك خەسڵەتی هەیە و دەکرێت بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکەین:

یەکەم: زیادبوونی کرانەوەی ئابوری و گەشەکردنی رێژەی بازرگانی دەرەوە.

دووەم: گەشەکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی چ لە ئاست دەوڵەتە پیشەسازییەکان چ لە ئاستی دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکان.

سێهەم: دەستێوەردانی سەندوقی نەختینی نێودەوڵەتی لە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆییدا.

هەروەها جیهانگیری ئابوری چەند ئامرازێکی هەیە بۆ پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، دیارە هەریەك لەو ئامرازانەش رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بەرەوپیشبردن و چەسپاندنی بنەماکانی جیهانگیری بە گشتی و جیهانگیری ئابوری بە تایبەتی، ئەو ئامرازانەش بریتین لە:
*بانکی نێودەوڵەتی.
*سەندوقی نەختینی نێودەوڵەتی.
*رێکخراوی بازرگانی جیهانی.

دوای ئەو هەموو پێناسە و راو سەرنجانە، هێشتا ئاسان نییە بتوانین لە بارەی جیهانگیری ئابورییەوە بەرچاو روونییەکی تەواومان چنگ بکەوێت، ئەوەتا کەسێکی

شارەزای بواری ئابوری وەك (الدكتور اسماعيل صبری عبدالله)، گرنگی و شیکردنەوەی زۆری لەبارەی چەمکی عەولەمەوە خستووەتەڕوو، بە تایبەتی لە بواری کایە ئابورییەکەیدا، ئەو پێیوایە کلیلی شیکردنەوەی ئەم پێشکەوتنە، زانینی ئەو ڕاستییەیە، کە سەرمایەداری جۆرێکە لە بەرهەمهێنان و هەرجارە و لە قۆناغێکدا رووخسار و شێوازەکانی خۆی دەگۆڕێت[30].

وەك دیارە جیهانگیری چەمکێکی گشتگیرە، بەڵام لایەنە ئابورییەکەی زیاتر زەقتر و کاریگەرترە، لە جۆرەکانی تر زیاتر رووخسارەکانی دەرکەوتوون، لەم بارەوە(فوئاد مەجید میسری) دەڵێت جیهانگیری ئابوری، بەڕێوەبردنی ئابوری جیهانی لە ئابوری نیشتمانی پێی گرنگترە، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئابوری دنیا لە جاران زیاتر پێکەوە گرێداوە و بازرگانی نێودەوڵەتی فراوانترکردووەو پرۆسەی بەگەڕخستنی سەرمایەی گەیاندوەتە ئاستیکی خەیاڵی[31]. گەر بە وردی دیقەت لە چەمکی بە جیهانیبوونی ئابوری بدەین، رێك دەبینین زۆرێك لە سیما، ئاماژە و کاریگەرییەکانی بە هەردوو دیوی ئەرێ و نەرێ دا دەرکەوتوون، بەمەش سنوری جوگرافی و سەروەری نەتەوەیی لە چالاکییە ئابورییەکانی وەك بازرگانی، سەرمایەدانان، بەرهەمهێنان و گۆاستنەوەی دارایی، کەمترین رۆڵیان دەبێت، زیاتر وڵاتان وابەستەی یەکتردەبن و بەربەستە گومرکی و بازرگانییەکان دەگەنە کەمترین ئاستی خۆیان[32].

ئەوەی ماوەتەوە لەم کورتە باسەی جیهانگیری ئابوری دا قسەی لەسەر بکەین، ئەم جۆرە لقێکی تری لێجیادەبێتەوە، ئەگەرچی یەکتر تـەواودەکـەن، کە ئەویش (جیهانگیری

دارایــی)ە، چونکە لایەنی دارایــی هێزی هــەرە سەرەکی بزوێنەری ڕەوڕەوەی جیهانگیرییە، ئەرکی ئەم لقە زیاتر ئازادکردنی سەرمایەیە و پەیوەستکردنی بازاڕەکانی دارایی لۆکاڵییە بە بازاڕەکانی دەرەوە، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵگرتنی بەربەستەکان لەسەر جموجۆڵی سەرمایە.

بـۆ دیاریکردنی شـونـاس و ڕەگـەزەکـانـی پێناسەی جیهانگیری دارایی، دەوترێت جیهانگیری دارایی بەرهەمی بنەڕەتی پرۆسەی ئازادکردنی داراییە، لە ڕێگەی پێشخستنی قـەبـارەی مامەڵە کردنی پشك و سـەنـەدات لە وڵاتانی پیشکەوتوی پیشەسازیدا، هەروەها گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕی دراوی بیانییە لە سەر ئاستی جیهانی[33]. بە نمونە ئامارەکان ئاماژە بۆ قەبارەی ئاڵوگۆڕی ڕۆژانە دەکەن، کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا (20)ملیار دۆلاری ئەمەریکی بووە، کەچی لە ساڵی(1990) ئەم ڕێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ (1،2)تریلیون دۆلاری ئەمەریکی. بە هەرحاڵ کۆمەڵێك فاکتەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەگەشەکردنی جیهانگیری داراییدا، بریتین لە:

*گەشەکردنی سەرمایەداری دارایی.

*پەککەوتنی بازاڕە نیشتمانییەکان بۆ وەرگرتنی(الفوائچ)ی دارایی.

*سەرهەڵدانی داهێنانە داراییەکان.

*پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا.

*ئازادکردنی دارایی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

*سـەرلـەنـوێ بنیاتنانەوەی پەیکەری پیشەسازی خزمەتگوزاری دارایی.

سەرئەنجام کەرتی ئابوری وەك یەکێك لە پایە هەرە گرنگەکانی پرۆسەی جیهانگیری، لە ڕێگەی هەندێك ئامراز و کەرەستەوە کاریگەرییەکانی خۆی دەرخستووە و تا ئەندازەیەك بە شێوەیەك لە شێوەکان، بە تەنهاش بووە بە شوناسێك بۆ کۆی پرۆسەی بە جیهانیبوون.

# جیهانگیری رامیاری

سیاسەت یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکات لە چوارچێوەی جوگرافیا و بواری نیشتمانیدا دەستبەرداری ئەم چەمکە نەبێت، دیارە ئەمەشیان بێ هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکی، چونکە دەوڵەتی نەتەوەیی، جەخت لەسەر بەستنەوەی سیاسەت دەکات بە چەمکی سـەروەری و پراکتیزەکردنی دەوڵەت بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی لە سیاقی گەل و خاك و سامانی سروشتی خۆیدا، کەواتە دەوڵەتی نەتەوەیی بە هەموو ماناکانییەوە پێچەوانەی جیهانگیرییە .

چونکە جیهانگیری دیاردەیەکی سیاسی و فرە رەهەندە و هەڵگری تەنها یەك ئاراستە و یەك خەسڵەت نییە، بەڵکو بە دوو ئاراستەی سەرەکی دا هەنگاو دەنێت، ئاراستەی ناوەند کار بە هێڵێك دەکات، کە ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە بۆ یەکخستنی ناوەند لە رێگەی هەژمونەوە بەسەر جیهان و دروستکردنی یەك بلۆکی جیهانی و دەستگرتنە بەسەر سـەروەری نیشتمانی و دەوڵەتی نەتەوەییدا، هەروەها رەوایـیـدان بە هەموو میکانیزمە سیاسی و یاسایی و سەربازییەکان، بۆ بەرژەوەندی بڕیارەکانی ناوەند لە سیاقی یەك جەمسەری دا، هەرچی ئاراستەی دووەمە بریتییە لە کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر هەوڵ و تەقەللایەك بۆ دروستکردنی هەر تەکەتولێکی نیشتمانی هەرێمایەتی،

بەو ئامانجەی نەبێتە جەمسەرێك بەرانبەر بە جەمسەری ئەمەریکی-رۆژئاوایی.

(نیچە) وەك یەکێك لە بیرمەندە گەورەکانی دونیای سەردەمی خۆی، زیاتر لە سەد ساڵ بەر لە ئێستا وتوێتی سەردەمی سیاسەتی بچوك بە سەرچووە، سەدەی داهاتوو بریتی دەبێت لە ململانێ، لەپێناو سەروەری بەسەر گۆی زەوی و پەنابردنە بۆ سیاسەتی گــەورە[34]. لە راستیدا هەرچۆنێك خوێندنەوە بۆ ئــەم دیــدەی نیچە بکەین، سەرئەنجام جێی خۆیەتی گەواهی بۆ دروستی ئەو پێشبینی و رامانەی ئەو بیرمەندە بکەین لەم بارەوە، چونکە ململانێ سیاسی و هەڵگیرسانی جەنگەکان لە نێوان هێزەکان و جەنگی ساردی سەردەمی نێوان هــەردوو جەمسەرە بە هێزەکەی جیهانی، باشترین گەواهین بۆ دید و تێڕوانینەکانی نیچەی بیرمەند، چونکە بەرهەمی ئەو ململانێ و کێبڕکێ هەمەجۆرانەن، کە سەرئەنجام پڕۆژەی سیستەمێکی نوێی جیهانی لێکەوتووەتەوە، کە وردە وردە خەریکە سیستم و بەرژەوەندییەك بە سەر کۆی جیهاندا زاڵدەبێت.

لێرەوە دەرگاکان لە بــەردەم ئەمەریکا و رۆژئــاوادا پتر واڵابــوون، بۆ پەلهاویشتن بۆ دەرەوەی سنورەکان و دەستێوەردان لە کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتانی تری دنیا، وەك دەستێوەردانی راستەوخۆ لەکێشەی چەندین وڵاتی وەکو ئەفغانستان و عێراق، جگە لە دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆ لە دەیــان بــوار و وڵاتــی تــردا، سامویل هانتینگتۆن لە لیکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و گۆڕانکارییەکانی ئاسایش) کە لە گۆڤاری (الشؤون الخارجیە)

دا له‌ مانگی حوزه‌یرانی ساڵی (1993)دا بڵاوبووه‌ته‌وه‌، ئاماژه‌ بۆ به‌رژه‌وه‌ندی و هه‌ژمونگه‌رایی رۆژئاوا ده‌كات و ده‌ڵێت رۆژئاوا دوای كه‌وتنی یه‌كێتی سۆڤیه‌ت، پێویستی به‌ دوژمنێكی تره‌، تاكو وڵات و گه‌لانی خۆیانی پێ ڕێكبخه‌نه‌وه‌، چونكه‌ هه‌رگیز جه‌نگ ناوه‌ستێت، سه‌ره‌ڕای بێده‌نگكردنی چه‌كه‌كان و مۆركردنی رێككه‌وتننامه‌كان، له‌به‌رئه‌وه‌ی جه‌نگێكی ژیاری دیكه‌ به‌ڕێوه‌یه‌ له‌نێوان دوو جه‌مسه‌ردا، یه‌كێكیان جه‌مسه‌ری رۆژئاوایه‌ به‌ رێبه‌رایه‌تیكردنی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكا، جه‌مسه‌ره‌كه‌ی دیكه‌شیان ره‌نگه‌ جیهانی ئیسلامی بێت یان چین[35].

دیاره‌ هه‌نوكه‌ به‌ ئامراز و شێوازی جیاجیاوه‌ رووخساره‌كانی ئه‌و جه‌مسه‌رگیریه‌، ئه‌گه‌ر به‌ رێژه‌ییش بێت، ده‌ركه‌وتووه‌، بێگومان بۆ گه‌یشتن به‌ سیسته‌مێكی نوێی جیهانی و دروستبوونی تاك جه‌مسه‌ری و زاڵبوون به‌سه‌ر ئه‌وانی تردا، سیاسه‌ت لایه‌نێكی گرنگی جیهانگیرییه‌ بۆ ملكه‌چ پێكردن و ده‌ستێوه‌ردان له‌ كاروباری وڵاتانی دنیا، بۆ ئه‌مه‌ش هه‌موو ئامرازه‌ سیاسی و دیبلۆماسی و سه‌ربازییه‌كان ئاماده‌گیان هه‌یه‌ و كاریان پێده‌كرێتن.

له‌باره‌ی سیاسه‌تی سیسته‌می سه‌رمایه‌داریی جیهانییه‌وه‌ (السید محمد باقر الصدر) پێیوایه‌ رێبه‌رانی ئه‌م سیاسه‌ته‌ جیهانییه‌، سیسته‌می دیموكراسی و سه‌رمایه‌داری بووه‌ته‌ مایه‌ی هێز و توانا به‌ ده‌ستییانه‌وه‌ و كردوونی به‌خودان هێز و توانایه‌كی گه‌وره‌ بۆ پاراستن و فراوانكردنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانیان، هه‌میشه‌ پێویستییان به‌ ناوچه‌ و ده‌ڤه‌ری نوێ هه‌یه‌[36].

بێگومان بۆ دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی جیهانگیری سیاسی، ناکۆکی و جیاوازی زۆر لەنێوان بیرمەنداندا هەیە، ئەم جیاوازی و ناڕۆشنیەش وایکردووە، تێگەیشتن لە رەهەندە سیاسییەکانی ئەم لقەی جیهانگیری وەك ئەوەی هەیە، قورس و پڕ زەحمەت بێت. نەیارانی سیستەمی نوێی جیهانی بە تۆپزی دژ بەم سیاسەت و سیستمە نوێیە وەستاونەتەوە و پێیانوایە ئەم سیستەمە بریتییە لە هەژمونی رۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەسەر ئەوانی تردا، هەر بۆیە کەسێکی وەکو (الدکتور منیر الحمش) پێیوایە پەیدابوونی لیبرالیزمی نوێ کۆمەڵێك گرفت و کێشەی جیهانی بەرهەمهێناوە، لەوانەش[37]:

*جەنگی هەرێمایەتی و ناوخۆیی و دروستبوونی ململانێ لە زۆربەی ناوچە جیهانییەکاندا.

*دروستبوونی شڵژانی رامیاری و ئابوری جۆراوجۆر.

*تێکچونی بازاڕەکانی دارایی و بۆرسە.

*بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری و بێکاری لە وڵاتانی سەرمایەداریدا.

*جیاوازی و نادادپەروەری لە ئاستەکانی بژێوی ژیان و بواری کۆمەڵایەتیدا.

هەر هەمان سەرچاوە ئامارێك لەبارەی رێژەی هەژاری لە وڵاتانی سەرمایەداری و پیشەسازی دەخاتەڕوو، لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، کە جێگەی هەڵوەستەکردن و ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ئایندەی ئەو وڵاتانە:

*لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا(60)ملیون هاووڵاتی لەژێر هێڵی هەژاری دەژین.

*لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ئەم ڕێژەیە گەیشتوەتە (50) ملیون.

کەواتا سیاسەتی جیهانگیری بە هەموو ئامراز و کەرەستەکانییەوە، نەك هەر نەیتوانیوە کێشەیەکی گەورەی وەکو هەژاری لە دنیا و خودی وڵاتەکانی خۆیاندا چارەسەر بکەن، بەڵکو خودی ئەم سیستم و سیاسەتە بووە بە فاکتەریك بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری لە وڵاتەکانی خۆشیاندا.

بە هەرحاڵ جیهانگیری ڕامیاری، بەو واتایە دێت، کە دەوڵەت تاکە کارئەکتەر نییە لە سەر شانۆی سیاسی جیهانی، بەڵکو هاوشانی ڕۆڵی دەوڵەت چەندین دامودەزگای فرەڕەگەز، ریکخراو و کۆمەڵەی نیودەولەتی ڕۆڵدەگێڕن بۆ دروستکردنی تیکەڵبوون و هاریکاری نێودەولەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سەروەری نیشتمانی و سیاسەتی ناوخۆیی بایەخ و گرنگی کەمتر دەبێت، ئەم دۆخەش دەمانگەیەنێتە ئەو سەرئەنجامەی دەوڵەت لە وەها بارێکدا، بەشێك لە ئازادی و سەروەری خۆی لەدەستدەدات.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ڕەهەند و ماهیەتی جیهانگیری ڕامیاری، هەندێك پێناسە دەخەینەڕوو[(38)]:

*جیهانگیری ڕامیاری: بریتییە لە بەرتەسکبوونەوەی کاریگەری دەوڵەت و کەمبوونەوەی ڕۆڵی هاوبەشی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکان لەگەڵ دەوڵەت، لەپێناو دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

*جیهانگیری ڕامیاری: بە واتای بڵاوبوونەوەی بەهای ڕۆژئاوایی دێت لە بواری سیاسەتدا، بە بانگەشەکردنی بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی وەکو سیستمی

حوکمڕانی، هەروەها بوونی فرەیی سیاسی و فرەحزبی و ئازادی ڕادەربڕین.

*جیهانگیری ڕامیاری: بە واتای یەکجەمسەری دێت بە ڕابەرایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و پەیڕەوکردنی دیموکراسی ڕامیاری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

*هەندێکیش جیهانگیری ڕامیاری لەم سێ ڕەگەزەدا کۆدەکەنەوە[39]:

یەکەم: بە جیهانیکردنی مافەکانی مرۆڤ.

دووەم : بە جیهانیکردنی دیموکراسیەت.

سێهەم : پەراوێزخستنی دەوڵەتی نیشتمانی.

هەندێکی تریش لە هەمان چوارچێوەدا ئەمجۆرە لە جیهانگیری بە لاوازکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی نیشتمانی و هەڵوەشاندنەوە و کەمکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی دەزانن و پێیانوایە، جیهانگیری بازدانە بەسەر دەوڵەت و نیشتمان و نەتەوەدا[40].

(هولتون) کە کەسێکی شارەزای ئەم بوارەیە و لە لیکۆڵینەوەکانیدا، بە وردی ئیشی لەسەر ئەم جۆرە لە جیهانگیری کردووە، پێیوایە جیهانگیری ڕامیاری بریتییە لە پەککەوتنی دەوڵەت و لەناوچونی جوگرافیا، ئەمەش بۆتە هۆی ڕوودانی شۆڕش، ئەم سیستمی گەیاندن و دیجیتاڵە نوێیە، نەك هەر مەرگی جوگرافیای ڕاگەیاندووە، بەڵکو کار بۆ نەهێشتنی سنورە سیاسیەکانیش دەکات[41].

لە بەرانبەردا بیرمەندی گەورە ئەنتۆنی گیدنز، کە دژی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی نیشتمانییە، پێیوایە دەوڵەتی نەتەوەیی لە سایەی جیهانگیری ڕامیاریدا بە هێزتر و

ناچاردەبێت بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی شوناسەکەی، ئەوەش گۆڕانکاری بە سەردا دێت، تەنها شێوازەکانی حکومڕانییە[42]. لەلایەکی تریشەوە (دیڤید هێڵد)ی شـــارەزای زانستە سیاسییەکانی وڵاتی بەریتانیا، پێیوایە ئاستی پەیوەندی ناسیاسی لەنێوان کۆمەڵگەکاندا فراوانتر دەبێت، بەمەش وردە وردە ڕۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی لاواز دەبێت، لە کۆتاییدا حکومەتێکی جیهانی جێگەی حکومەتی نەتەوەیی دەگرێتەوە، هەنگاو و قۆناغەکانیش بەمشێوەیە ڕووندەکاتەوە[43]:

یەکەم: زیادبوونی پەیوەندییە ئابوری و ڕۆشنبیرییەکان، ڕۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی لاوازدەکـات، ئیتر دەوڵەت هیچ کۆنترۆڵێکی لەسەر شتومەك، کاڵا، ئابوری و هاوردەکردن نامێنێت لە سنورە نەتەوەییەکانییەوە.

دووەم: پەیدابوونی کۆمپانیاکانی سەرەوەی نەتەوەیی (فرەڕەگەزەکان)، دامودەزگا ناحکومییەکان (ngo)، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێز و توانای حکومەتەکان لاوازدەکەن.

سێهەم: گونجاندنی کاروشێواز و سیاسەتی دەوڵەتی نیشتمانی لەگەڵ پێوەر و پرۆگرامە نیودەوڵەتییەکانی وەك ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوەیی و هەڕەشەکان و...هتد.

چوارەم: دەوڵەتەکان ناچاردەبن خۆیان لەچوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی گەورەتر دا بناسێنن، وەك بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و ئاسیان، ئۆپیك ونەفتا...هتد، ئەمەش وردە وردە سەروەری نیشتمانی و نەتەوەیی لەو چوارچێوەیەدا لاواز دەکات.

ئێستا گرنگە ئەوەندەی دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێك

لەو فاكتەرانە بكەين، كە زەمينەيان لەبەردەم جيهانگيری رامياريدا رەخساندووە، تاكو ئەم لقەی جيهانگيری شوێنپێی خۆی بەهێزبكات و بێتە مەيدان، هۆكارە سەرەكييەكانيش بريتين لە:

*كۆتاييهاتنی جەنگی ساردی نێوان هەردوو زلهێزە جيهانييەكە.

*هەڵوەشاندنەوەی يەكێتی سۆڤيەت و رووخانی ديواری بەرلين.

*سەرهەڵدانی هێز و كارئەكتەری نوێ لەسەر ئاستی جيهان.

*تاڕادەيەك كۆتاييهاتنی ململانێيە ئايدۆلۆژييەكان.

*سەركەوتنی رۆڵی رێككەوتننامە ناوچەييەكان.

# ئامرازەکانی جیهانگیری رامیاری

وەك هەر لقێکی تری جیهانگیری، بواری رامیاریش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و چەسپاندنی بنەماکانی، کۆمەڵیك هەنگاو و کەرەستەی لە بەردەستە، تێیدا هەردوو بواری سەربازی و دیبلۆماسیش رۆڵدەگێڕن لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا، چونکە لە رێگەی ئامرازە سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسییەکانەوە، هێزە باڵاکان دەتوانن لە سایەی ئەم سیستمە نوێیەدا، هەژموونی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنن، لێرەوە دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێك لەو ئامراز و کەرەستانەی جیهانگیری رامیاری بکەین:

یەکەم: گرێدانی رێکەوتننامە و پەیماننامەی سیاسی و سەربازی لە نێوان وڵاتانی بە هێزدا، بە ئامانجی زیاتر کۆنترۆڵکردنی جیهان.

دووەم: گرێدانی رێککەوتننامەی بەرگری هاوبەش لەنێوان وڵاتانی زلهێز و هەندێك لە وڵاتە پاشکەوتووەکان بە پاساوی پاراستنییان، دواتریش دامەزراندنی پێگەی سەربازی هەمیشەیی لەو وڵاتانەدا.

سێهەم: دەستێوەردانی سیاسی لە هەندێك وڵاتی نائارام، ئەمەش لە رێگەی چەسپاندنی بڕیارەکانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، یان لە رێگەی دانانی هێزی ئاشتی پارێزەوە.

چوارەم: داگیرکاری سەربازی راستەوخۆ لەدژی هەندێك

وڵاتی لاواز لە رووی هێزی سەربازییەوە، بەڵام دەوڵەمەند لە رووی سامانی نەوتی و سروشتییەوە، ئەمەش بە هەنجەتی ئەوەی گوایە هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، یان بە ناوی جەنگی دژەتیرۆر.

پێنجەم: سەپاندنی سەفەقەی چەك و كەرەستەی سەربازی بەسەر هەندێك وڵاتی پاشكەوتو و هەژار، تاكو لەڕووی سەربازییەوە پەیوەستبكرێن.

شەشەم: دۆزینەوەی ناوچەی نائارام لە جیهاندا، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، كە سەرچاوەی سامانێكی زۆر و زەوەندە، لەوانەش سامانی نەوتی، تاكو هەر كاتێك بخوازن لە ژێر ناوی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشدا دەخالەت بكەن.

حەوتەم: هاندانی كودەتای سەربازی لە هەندێك وڵاتدا.

هەشتەم: گوشار دروستكردنی سیاسی بۆسەر هەندێك لە وڵاتان، ئەمەش لە رێگەی بڵاوكردنەوەی هەندێك راپۆرت لەسەر پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ لەو وڵاتانە.

نۆیەم: دوو فاقییەت لە پێوەرەكاندا، بە تایبەتی لە كاتی جێبەجێكردنی ئەو یاسا و رێسایانەی كە مۆركێكی نیودەوڵەتییان هەیە.

دەیەم : دروستكردنی هەندێك سەركردە لەم وڵات و لەو وڵات و ئامادەكردنیان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

# كاریگەرییەكانی جیهانگیری ڕامیاری

بێگومان لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە لە جیهانگیری هەندێك سود و دەسکەوتی بۆ هەندێك لە گەلانی دواکەوتو و ژێردەستە هەیە، بە تایبەتی لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و چەسپاندنی هەندێك لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و هەڵوەشاندنەوەی هەندێك دەسەڵاتە تۆتالیتار و شمولییەکان، هاوکات بە درێژایی کات ئەم سیستمە سیاسییە نوێیە کۆمەڵێك کاریگەری نەگەتیڤ لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی گەلان و وڵاتانی دنیا دادەنێت، زۆرێك لە شوناس و تایبەتمەندییەکانی گەلان و دەوڵەتان دەسڕێتەوە و فۆرمێکی نوێی جیهانی پێشکەشدەکات، کە تەنها بە پلە یەك زلهێزەکان تێیدا سودمەنددەبن، دەکرێت لانی کەم کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە لە جیهانگیری لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:

*کەمکردنەوەی رۆڵ و دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەتی نیشتمانی و نەتەوەیی.

*کاڵبوونەوەی سنورە جوگرافی و نەتەوەییەکان.

*لە دەستدانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەلایەن دەوڵەتی نیشتمانی و تێکەڵبوونی بە کۆمەڵگە جیهانییەکان.

*لاوازبوونی حکومەتەکان لەبەرانبەر کۆنترۆڵکردنی زانیارییەکان و ئامرازەکانی میدیا ...هتد.

*هەڵوەشاندنەوە و کەوتنی شوناسی نەتەوەیی.

*چەندین کاریگەری تر لە بواری یاسا نیودەوڵەتییەکان و... هتد.

# جیهانگیری رۆشنبیری

به سەرنجدانی ورد لە کۆی پرۆسەی بە جیهانیبوون، بە راشکاوی درك بەوە دەکرێت، لایەنی رۆشنبیری و فەرهەنگی کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی جیهانگیرییە، تاڕادەیەك ئەم رەهەندە بە خێرایی پێش رەهەندەکانی تری جیهانگیری کەوتووەو لە خۆ فۆرمەڵەکردن و خۆ چەسپاندندایە، تادێت بە ئاستێکی فـراوان کاریگەری خۆی لە سەر رەوتی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێت، پێموایە فاکتەری هەرە سەرەکی هاتنە ئارای جیهانگیری رۆشنبیری دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم: ئامرازەکانی جیهانگیری رۆشنبیری زۆر و کاریگەرن.

دووەم: تائەندازەیەك گەیاندن و گواستنەوە و نرخی ئامرازەکانی ئەم پرۆسەیە بەردەستن و بە جیهاندا بە سانایی دێن و دەچن و بڵاوبوونەتەوە.

رۆشنبیری بە مانا فراوانەکەی کۆمەڵێك خەسڵەتی روحی و مادیی و هزری و..هتد، هەر کۆمەڵگە،یان گەل و نەتەوەیەك دەگەیەنێت، هەروەها بریتییە لە هونەر، وێژە، کەڵچەر و رێبازەکانی ژیان، تەنانەت ماف و سیستم و ئاکار و داب و نەریت و بیروباوەڕەکانیش دەگرێتەوە، بۆیە گرنگییەکی پڕ بایەخی هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە شەپۆلەکانی جیهانگیری لەم دەروازەوە بە خێرایی و قووڵی

بچێتە ژیانی کۆمەڵگەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرۆسەیە بێ کۆسپ و لەمپەر نییە، هەندێك جار و لە هەندێك شوێن قورس دەڕوات، چونکە پیکهێنان یان هێنانەکایەوەی یەك فەرهەنگ و رۆشنبیری گلۆباڵ، کارێکی هێندە ئاسان نییە، پێویستی بە کات و زەمینە و کەرەستەی جۆراوجۆر هەیە، زۆرێك لە گەلان لە ئەفەریقیا و ئاسیا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتیش وڵاتانی ئیسلامی، بە گومانەوە دەڕواننە ئەم پرۆسەیە و ئاکامەکانی، هەربۆیە لە ئێستادا شارەزایان و رۆشنبیران لە بارەی رۆشنبیرییەکی جیهانییەوە، لە مشت و مڕدان و چەندین رای جیاواز لەم بارەوە دروستبووە، لە مەڕ ئەم دۆسییە زانایان و بیرمەندان بۆ سەر (3) رای جیاواز دابەشبوونە[44]:

ئاراستەی یەکەم: پێیوایە رۆشنبیرییەکی جیهانی بوونی نییە، بەڵکو فـرە رۆشبیری هەیە و بۆخۆی بە شێوەیەکی میکانیکی دەجوڵێت و بەردەوام پەرەدەسێنێت و لە پرۆسەیەکی ناوخۆییدا خۆی نوێ دەکاتەوە و خاوەن سەربەخۆیی خۆیەتی.

ئـاراسـتـەی دووەم: پێیوایە پـرۆسـەی جیهانگیری سیستەمیکی نوێی رۆشنبیری و فەرهەنگی دەخوڵقێنێت، کە پێیدەوترێت رۆشنبیری پاش نوسینەوە (مابعد الکتابە) واتە رۆشنبیری وێنە، کە ئەمڕۆ شاشەی کەناڵە ئاسمانییەکان ئەو چوارچێوە جیهانییەیان لەم بارەوە خوڵقاندووە و بەسەر هەموو سنور و سەردەمەکاندا بـازدەدات، ئەم ئاراستەیە بەرگری لە رۆشنبیرییەکی گلۆباڵ دەکەن.

ئاراستەی سێهەم: جەخت لەوە دەکەنەوە، جیهانگیری

ڕۆشنبیرییەکی جیهانی ناخوڵقێنێت، بەڵکو هەوڵدەدات ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی بسەپێنێت بەسەر هەموو فەرهەنگ و ڕۆشنبیرییەکانی تردا.

لێرەوە پرسیارە گرنگەکان دەستپێدەکەن، ئایە لە ئێستادا کار لەسەر کام لەم ئاراستانەی سەرەوە دەکرێت؟ ئاخۆ ئامانج لەجیهانگیری ڕۆشنبیری چەسپاندنی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی و ئەمەریکییە؟ یاخود خوڵقاندنی ڕۆشنبیرییەکی نوێی دروستکراوی هاوبەشی سەرجەم گەلانە؟ ڕەنگە بەرسڤدانەوەی ئەم پرسیارانە هێندە ئاسان و سەرپێیی نەبێت و پێویستییان بە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکاری زۆر هەبێت، بە تەنها دەهێنێت دەیان و بگرە سەدان لیکۆڵینەوەی زانستی و فراوان و فرە ڕەهەندی لەسەر ئەنجامبدرێت، ئەوسا شیمانەی ئەنجامیك بکەوێتە دەستمان، بۆیە لە وەها نوسینێکدا دەتوانین تەنها بە شیوەیەکی ڕاگوزەر بیروڕا و سەرنجی هەندێك لە شارەزایان بخەمەڕوو، بەو ئومێدەی بەرسڤێکی هەنوکەیی و سەرەتاییمان لەم بارەوە دەستبکەوێت، لە ڕاستیدا هەرچۆنێك خوێندنەوە بۆ ڕەهەندەکانی جیهانگیری بە گشتی و جیهانگیری ڕۆشنبیری بە تایبەتی بکەین، سەرئەنجام دەگەینە ئەو بڕوایەی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا کار بە ئاراستەی چەسپاندنی ڕۆشنبیرییەك دەکەن، کتومت بریتییە لە کۆی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی تاڕادەیەکیش کاریگەری لەسەر کلتور و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکانی تر داناوە، کاتێك تەماشای هەڵسوکەت و جلوبەرگ و جۆرەکانی خواردن و ئامراز و ئاکاری بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەکانی تر دەکەیت، بە ڕوونی هەست بەوەدەکەیت بە شێنەیی کەوتوونەتە ژێر

کاریگەری کەلتور و فەرهەنگ و رۆشنبیری رۆژئـاواوە و خەریکە وردە وردە جیاوازییەکان نامێنن.

وەك دەبینرێت، چ بە کـردەوە چ بە پەیام و ئاماژە خەریکە ئەم مۆدێل و تەرزە نوێیە، زیاتر پایەکانی خۆی دەچەسپێنێت و بەردەوام لە پەرەسەندندایە، لە بەرانبەردا رۆشنبیری نیشتمانی و لۆکاڵی روو لە نەمان و لە یەکترازانە، ئەوەتا ئەمەریکییەکان بە ئاشکرا رایانگەیاندووە ئێستا ئەوان تاکە هێزی دەسەڵاتداری جیهانن، بۆیە لێبڕاوانە کار بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و ئاکاری رۆژئاوایی و ئەمەریکی دەکەن لە هەموو جیهاندا، ئەوەتا دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی کەنداو، سەرۆکی ئەوسای وڵاتە یەکگرتووەکان، راشکاوانە پەیامی خۆی بە گوێی جیهاندا داو وتی سەدەی داهاتوو بریتی دەبێت لە بڵاوبوونەوەی رەوشت و ئاکار و تەرزی ژیانی ئەمەریکایی لە جیهاندا[45].

تەنانەت ماوەیەکە هەندێك لە کەسایەتییە فەرهەنگی و سیاسیەکانی رۆژئاوایش، مەترسی ئەوەیان لێی نیشتووە و بە گومانەوە دەڕواننە رۆڵ و هەنگاوەکانی ئەمەریکا لە پرۆسەی جیهانیبووندا، لێرەدا ئاماژەیەکی وەزیری رۆشنبیری پێشوی فەرەنسا لەم بارەوە دێنمەوە یاد، کاتێك وتی ئەمە شێوەیەکە لە شێوەکانی ئیمپریالیزمی دارایی و هزری و تەنها زەوی داگیرناکات، بەڵکو ویژدان و رێبازەکانی بیرکردنەوە و جیاوازییەکانی ژیانیشمان لێ داگیردەکات[46].

ئەو رێکخراو و هێزانەی کە بانگەشە بۆ دیـاردەی بە جیهانیبوون دەکەن، چەندین کەرەستە و ئامرازیان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان لە بەردەستدایە، بە بڕوای بەندە جیهانگیری

جەنگێكی ژیرانەیە و تا ئەندازەیەك بێ چەك و سەربازە و لە ڕێگەی كۆمەڵێك كەرەستە و ئامرازی هاوچەرخەوە كار لەسەر كۆی ژیانی مرۆڤایەتی دەكەن، تاكو لە چوارچێوەی فۆرمێكدا هەموو جیهان كۆبكەنەوە، ئەگەرچی هەندێك لە بیرمەندانی چەپ، نەتەوەیی و ئیسلامی لەدنیادا، پرۆسەی بە جیهانیبوون بە جەنگێكی نوێی ئەمەریكا و رۆژئاوا دەزانن بۆسەر گەلانی تری سەر زەمین.

لەبارەی دارشتنی پێناسەیەكی دروست بۆ ئەم لقەی جیهانگیری، شارەزایان لە روانگەی جیاجیاوە، چەندین پیناسەیان پێشكەشكردووە، دەكرێت ئاماژە بە هەندێكییان بكەین.

*(رونالد ستیل)ی مێژوونوسی ئەمەریكی دەڵێت« ئەو رۆشنبیرییەی كاری بۆ دەكرێت، تاكو هەموو جیهان لە سەردەمی جیهانگیریدا بخاتە ژێر هەژمونی خۆیەوە، بریتییە لە فیلمی جوڵە و توندوتیژی و تاوان و سێكس»[47].

*(محمد شعبان)یش لە پێناسەكەیدا بۆ جیهانگیری دەڵێت»بریتییە لە دیكتاتۆریەت بۆ هەژمونی هزری و ژیاری خۆی، بانگەشە بۆ بێدەنگكردنی ئەوەی تر و پشتگوێ خستنی رۆشنبیرییەكەی دەكات، تاكو تەنها و تەنیا رۆشنبیرییەك هەبێت، كە ئەویش رۆشنبیری ئەمەریكییە»[48].

* لە پێناسەیەكی تردا هاتووە، بریتییە لە كاركردن بۆ گشتاندنی بیروباوەڕ، سیستم، ئاكار، بەها و جۆرەكانی تەرزی ژیان، هەڵسوكەوت و شێوازەكانی ژیانی ڕۆژئاوایی، ئەمەریكایی و پێدانی ڕەنگ و بۆیەكی جیهانی[49].

*جیهانگیری رۆشنبیری: بریتییە لە هەوڵ وكۆشش،

لەپێناو چەسپاندنی کۆی رۆشنبیری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بە ئامراز و شێوازی جیاجیاوە، بەسەر هەموو کۆمەڵگەکانی تری مرۆڤایەتیدا [50].

*بیرمەندی گەورەی ئەمەریکی (نوام چۆمسکی) لەم بارەوە دەڵێت»جیهانگیری رۆشنبیری هیچ نییە، جگە لە گواستنەوەیەکی چۆنایەتی مێژووی راگەیاندن، تێیدا هەژمونی ئەمەریکی بەسەر هەموو لایەنەکاندا زاڵدەبێت، واتە زاڵبوون بەسەر کۆی جیهاندا»[51].

*(جاك کوبون)ی وەزیری پێشوی فەرەنسا لە بارەی تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی بەم دۆخەی ئێستایەوە، شێوازیکی نوێیە لە شێوازەکانی ئیستعماری، ئەگەر لە بەرانبەریدا بێدەنگ بین، ئەوا شێوازی ژیانمان دەکەوێتە مەترسییەوە[52].

*هەرچی (عبدالاله بلقزیز)ە پێیوایە جیهانگیری رۆشنبیری « بریتییە لە گواستنەوە لە قۆناغ و دیاردەی رۆشنبیری نیشتمانی و نەتەوەییەوە بۆ رۆشنبیرییەکی باڵا و نوێ، کە رۆشنبیری جیهانی، یان رۆشنبیری گەردونی دەبێت»[53].

هەر یەك لەم پێناسانەی سەرەوە کە لەلایەن ژمارەیەك بیرمەند و پسپۆڕەوەو شارەزاوە پێشکەشکراون، تاڕادەیەك هەموویان پێکەوە ئاماژە بۆ مەترسی هەژموونی رۆشنبیری ئەمەریکی و رۆژئاوایی دەکەن، بۆ سەر رۆشنبیری و فەرهەنگی گەلانی تری دنیا، ئەمەشیان بە هەڕەشە زانیوە بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەویتر، کەواتە پرۆسەیەکە بۆ زاڵکردنی کلتور و فەرهەنگی رۆژئاوایی و هەڵتەکاندنی رووخسار و شوناسی گەل و نەتەوەکانی تری جیهان.

پێمباشە هەر لێرەوەو لەبارەی پەیوەندی نێوان جیهانگیری و شوناسەوە، هەندێك بەراورد بكەم و جیاوازییەكانی نێوان هەردوو چەمك بخەمەڕوو، بۆ نموونە جیهانگیری كار دەكات بۆ دروستكردنی مۆدیلێكی رۆشنبیری دیاریكراو، كەچی شوناس لە رۆشنبیریدا بە پێچەوانەوە كار بۆ فرەڕەنگی دەكات، جیهانگیری ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی سنور و تایبەتمەندییەكانە، لە بەرانبەردا شوناس بڕوای بە جیهانێكی جیاواز هەیە و هەموو تواندنەوەیەك لەم بوارەدا رەتدەكاتەوە، جیهانگیری دوای گشتاندن و گشتگیرییەكی دیاریكراو تێدەكۆشێت، بەڵام شوناس بڕوای بەوەیە لەگشتییەوە بۆ تایبەت و لە گشتگیرییەوە بۆ دیاریكراو دەكۆشێت، ئێستا بەسەرنجدان لەم بەراوردكارییە ئیدی جیاوازییەكانی نێوان ئەم دوو چەمكە زیاتر بۆ روونبووەوە، گەوهەرو ناوەڕۆكی هەریەكەیان زیاتر دەركەوتن.

دیاردەی جیهانگیری رۆشنبیری، وەك هەر دیاردەیەكی تری جیهانی، كەرەستە و ئامرازی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی و چەسپاندنی پێگەو بنەماكانی، كە بریتین لە:

یەكەم: ئامرازەكانی پەیوەندی و گەیاندن: پێكدێن لە كەناڵە ئاسمانییەكان و تۆڕەكانی ئینتەرنێت و رۆژنامە و گۆڤار و مۆبایل و...هتد.

دووەم: ئامرازە هونەرییەكان: بریتین لە میوزیك، شانۆ، سینەما و وێنەی جوڵە و ...هتد.

سێهەم: كەرەستە زمانەوانییەكان: خۆی لە بەكارهێنانی سەدان چەمك و زاراوەی ئینگلیزی و فەرەنسیدا دەبینێتەوە،

به تایبەتی لە بوارەکانی میدیا و پەروەردە و فێرکردن و کار و شوێنە گشتی و تایبەتەکان، بەمەش زمانە سەرەکییەکانی رۆژئاوا ،تیکەڵ بە زمانی رەسەنی نەتەوەیی و وێژەمان دەبن، کەواتە بە کارهێنانی ئەو دوو زمانە لە بوارە جیاجیاکاندا، بە ئاست و قەبارەی جیاجیاوە، رۆڵیکی سەرەکی دەگێڕن بۆ گۆاستنەوەی رۆشنبیری و ژیاری رۆژئاوایی بۆ نێوگەلانی تری دنیا.

پێویستە لانی کەم لایەنە نەگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ئەم لقەی جیهانگیری روونبکەینەوە، سەرەتا ئاماژە بە لایەنە باشەکانی جیهانگیری رۆشنبیری دەکەین، کە خۆی لە:

یەکەم: دەستگەیشتن بە زانیارییە رۆشنبیرییەکان.

دووەم: زیاتر ئاشنابوون بە رۆشنبیری، وێژە، کلتوری جیهانی و بەتایبەتی رۆژئاوایی.

سێهەم، سودمەندبوون لە کەرەستە و ئامرازە نوێیەکان.

لە لایەکی تریشەوە ئەمجۆرە لە جیهانگیری چەندین مەترسی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و دەکرێت بە کورتی ئاماژەیان پێبکەین:

یەکەم: کاریگەری زمانەوانی: بە کارهێنانی چەمك و زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە بوارەکانی کارگێڕی، ئابوری، میدیایی، پەیوەندی و پەروەردە، بەشێوەیەکی رۆژانە لەنێوان چین و توێژەکاندا، ئەمەش بە جێی خۆی، کاریگەری خراپی خستوەتە سەر زمانی رەسەن.

دووەم: کاریگەری ئاکاریی: بریتییە لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی و سێکس لە ئامرازەکانی میدیا و سینەما و تۆڕەکانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی ئابڕوبەرانە، کە پێچەوانەی

کەلتور، کەسایەتی، داب و نەریتی کۆمەڵگە سوننەتییەکانە.

سێهەم: کاریگەری بەها: تادێت هەوڵەکان زیاتردەبن بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بەهایەك لەسەر ئاستی جیهان، بە تایبەتی لە بوارەکانی هونەر و میوزیك و پۆشاك و خواردندا لە نمونەی هەمبەرگر و مەکدۆناڵد، هەروەها پەیوەندی خێزانی رووی لە تاکگەرایی و زاڵبوونی رۆشنبیری بەکاربەر و...هتد.

# جیهانگیری کۆمەڵایەتی

بێشك ڕەهەندە جیاجیاكانی جیهانگیری، كاریگەری جۆراوجۆریان هەیە لەسەر كۆی كایەكانی ژیانی كۆمەڵگەكان، زۆر لە دیاردە و تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتییەكانی خستوەتە بەردەم وەرچەرخان و گۆڕانكاری ریشەیی و هەندێكجاریش مەترسی و هەڕەشەوە، یانیش ناچاركردن بە تێكەڵاوبوون بە دیاردە جیهانییەكان.

پرۆسەی جیهانگیری كۆمەڵایەتی زۆرێك لە بەهاكانی خستوەتە بەردەم لە ناوچوون و هەڵوەشاندنەوە، دیارە خێزانیش وەك گرنگترین دەزگای كۆمەڵایەتی بە پلەی یەكەم كەوتووەتە بەردەم شەپۆلی كاریگەرییەكانی ئەم پرۆسەیەوە، بە سەرنجدان لەكۆی گۆڕانكارییەكان و بەرزبوونەوەی قەبارەی ئەو كاریگەرییانە لەسەر پێكهاتەكانی كۆمەڵگە، وەك تاك، خێزان، چین و توێژە جیاجیاكان، دەبینین وردە وردە تایبەتمەندییە لۆكاڵییەكان، پتر روویان لە ئاوابوون و شێواندنە، لە بەرانبەردا خەریكە وردە وردە كۆمەڵێك بەهای نوێی گلۆباڵ و جیهانی، جێگەی خۆیان لەنێو كۆمەڵگەكاندا دەكەنەوە.

هەندێك لە شارەزایان بۆ گەیشتن بە دیدیكی ڕۆشن لەمەڕ جیهانگیری كۆمەڵایەتی، چەندین پێناسەیان خستوەتە روو:

*(مارتن البرو) لەم بارەوە دەڵێت» ئەمجۆرە لە جیهانگیری بریتییە لە كۆی ئەو كردانەی، كە دانیشتوانی جیهان لە كۆمەڵگەیەكی جیهانیدا یەكدەخات»[54].

*(جان جولت)یش دەڵێت» بریتییە لە کۆی ئەو کردانەی، کە سەرجەم کۆت و بەندەکان لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەگرێت...»[55].

*هەرچی (سەمیر ئەمین)ی رووناکبیری چەپە، پێیوایە» بریتییە لە کردەیەك کار بۆ کەمکردنەوەی پانتایی نێوان نەتەوەکان دەکات، چ لە بواری گواستنەوەی شتومەك، خزمەتگوزای، هێزی کار و سەرمایە، چ لە بواری گۆاستنەوەی بیر، هزر، هەڵسوکەت و بەها کۆمەڵایەتییەکان[56].

لەگەڵ ئەوەی جیهانگیری کۆمەڵایەتی، هەندێك دەسەکەوت و سود و گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی بەخشیوە، کە ناکرێت نکوڵی لێی بکرێت، بەڵام لە بەرانبەردا زیان و مەترسییەکانی ئەم دیاردەیەش کەم نین و راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی بۆ سەر تاك و کۆمەڵگە و خێزان دروستدەکات و رەنگە لە ئایندەدا ئەم کاریگەرییانە بە قوڵی رۆبچنە نێو سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤەوە و سەرلەبەری تایبەتمەندییەکان هەڵبوەشێننەوە.

دیارە ئەمجۆرەش لە جیهانگیری کۆمەڵێك ئامراز و کەرەستەی لە بەردەستدایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کە هەر یەکەیان بە ئاست و قەبارەی جیاجیا کاریگەرییان هەیە، لەو ئامرازانەش:

یەکەم: رێککەوتنامە نیودەوڵەتییەکانی تایبەت بە هەموارکردنی یاساکانی خێزان.

دووەم: رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە بە شێوازی جیاجیا کار بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو رێککەوتنامانە دەکەن، بەتایبەتی لقەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و یونسێف و سندوقی نیشتەجێبوون و

هاریکاری ئەمەریکی و کەندی و سندوقی سویسری.

سێهەم: میدیا ئامرازێکی سەرەکی و کاریگەرە لەم بوارەدا.

چوارەم، فێرکردن...تێهەڵکێشکردنی هەندێك زاراوەی ئەو رێککەوتنامانەی لە پرۆگرامەکانی فێرکردن وەك:

*زاراوەی (مافی ژنان و مافی مرۆڤ).

*زاراوەی جێندەر.

*تێکەڵکردنی رۆشنبیری جنسی لە پرۆگرامەکان.

کاریگەری و ئامانجەکانی جیهانگیری کۆمەڵایەتی

یەکەم» جەختکردنەوە لە ئـازادی مرۆڤ و تاکگەرایی، تا ئاستی ئازادبوون لە هەموو کۆت و بەند و ئاکار و داب و نەریتەکان.

دووەم: زیادبوونی رێـژەی تـاوان، نەك هەر لە وڵاتانی دواکەوتوو، بەڵکو لە وڵاتانی دەوڵەمەند و پێشکەوتوویشدا.

سێهەم: زیادبوونی رێژەی هەژاری و بێکاری.

چوارەم: هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

پێنجەم: لاوازبوونی رۆڵی ئەو رێکخراو و دامودەزگایانەی، کە هاریکاری کۆمەڵایەتی پیشکەش بە هەژاران دەکەن.

شەشەم: هەڵوەشاندنەوە و تێکشکاندنی داب ونەریتە باوەکانی کۆمەڵگەکان.

حەوتەم: مەترسی لە دەستدانی شوناس و تایبەتمەندییەکانی تاك و کۆمەڵگە.

هەشتەم: دروستبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی.

نۆیەم: رۆشنبیری بە کاربەر و بڵاوبوونەوەی تاکگەرایی.

دەیەم: مەترسییەکانی هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

# ڕەگەزەکانی جیهانگیری

کۆمەڵێك ڕەگەز پێکەوە توانیویانە سیماکانی جیهانگیری پێکبهێنن، هەریەك لەو ڕەگەزانە، ئاماژەن بۆ بوونی ئەم دیاردە جیهانییە لەسەر ئاستە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، ڕەنگە لە دیاریکردن و تێڕاماندا بۆ ئەو ڕەگەزانە دید و بۆچونی بیرمەند و شارەزایان چونییەك نەبن، ئەگەرچی زۆربەیان لەسەر ئەم(3) ڕەگەزەی لای خوارەوە کۆکن[57]:

ڕەگـەزی یەکەم، گشتاندنی سەرمایەداری: زاڵبوونی سیستەمی سەرمایەداری بەسەر سیستەمی سۆشیالیزمیدا و پاشەکشەکردنی دید و بۆچونەکانی مارکسیزم، وایکرد لانی زۆری ئامانج و تەرزەکانی سەرمایەداری بەسەر زۆربەی کایەکانی ژیاندا زاڵبێت، وەك بەهای بازاڕ و بازرگانی و ئازادی تاك و کرانەوەی ئابوری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی..هتد، بە پلەی یەکەمیش گشتاندنی ئەم سیستەمە لەلایەن خودی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئینجا ڕۆژئاواوە چەسپاو کاری بۆ دەکرێت، لەم نێوەندەشدا ڕۆڵی دامودەزگا جیهانییەکانی سەربە نەتەوەیەکگرتوەکان، هـەروەهـا ڕۆڵـی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختینی زیاتریش ئەو دامودەزگایانە لەرێگەی ڕێککەوتنامە جیهانییەکانەوە، دەچنە بواری پراکتیزەکردنەوە، وەك ڕێککەوتنامەی (الجات) و هەوڵەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و ئەوانی تر.

ڕەگەزی دووەم: یەکجەمسەری: دوای هەڵوەشاندنەوەی

یەکێتی سۆڤیەت و هەرەسهێنانی دیــواری بەرلین و لـە یـەکـترازانــی بلۆکی رۆژهـــەڵات، بـە تایبەتی دوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی وارشۆ لە ئێستادا، رۆژئـاوا بە رێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەن گەورەترین هێزی ئابوری و سیاسی و سەربازین، تاڕادەیەك بێ رکابەرن، بێ ئەژمارکردن و سڵکردنەوە لە هیچ هێزیکی تر، دەست لە کاروباری وڵاتانی جیهان وەردەدەن، ئەمەش نیشانەکانی تاکجەمسەرین لە ئاستی جیهاندا.

رەگەزی سێیەم: شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیاری: مێژووی مرۆڤایەتی هیچ کات وەك ئەم قۆناغە مێژووییە پێشکەوتن و داهێنانی وا زۆر و زەوەندی بە خۆوە نەبینیوە، لەسەدەی شازدە بە دواوە، داهێنانەکانی هەڵم، کارەبا، گەردیلە و دواتریش شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆجیای زۆر هاتنەکایەوە، بە تایبەتی لە بواری پیشکەوتنە خێراکان لە جیهانی (حاسوب) دا، هەروەها لە بوارەکانی زانیاری و گەیاندن، کە وای لە ملیۆنان هاووڵاتی کردووە لە رێگەی ئەم تۆڕانەوە پەیوەندی بەردەوام و هەمە جۆریان هەبێت، پەخشکردنی هەزاران کەناڵی ئاسمانی، کە بەرنامەکانیان لە رێگەی نزیکەی (2000) کەشتی ئاسمانییەوە پەخشدەکرێن، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین داهێنانی تر لە بواری پیشەسازی و گەیاندن و زانیاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

# ئامرازەکانی جیهانگیری

ماوەیەك پێش دەركەوتنی جیهانگیری وەكو چەمكێكی باو و كاریگەر، سیما و ئاماژەكانی ئەم دیاردەیە لێرە و لەوێ دەركەوتن و بە ئەندازەیەكی ناڕاستەوخۆ و تائاستیك بێ ناونیشان، رەنگدانەوەی خۆی لەسەر كایە و جومگە بنەڕەتییەكانی ژیان دەرخست، دیارە بۆ سەرخستنی هەر پڕۆژە و پلانێك ئیتر لە چ ئاست و قەبارەیەكدا بێت، پێویست دەكات هەم زەمینەی بۆ بڕەخسێت، هەمیش كەرەستە و ئامرازەكانی بۆدابینبكرێت، هەر لەم چوارچێوەیەوە دەكرێت بەرنامە بۆ سەرخستنی وەها پرۆژەیەك بڕەخسێت.

گەر بە وردی دیقەت بدەین، دەبینین جیهانگیری پێش دەركەوتنی ناونیشانی، لە رێگەی چەندین ئامراز و شێوازەوە بە شێنەیی گەرای خۆی لە ژێر ناو و پەردەی جیاجیادا دانابوو، بە قۆناغ كار بۆ پراكتیزە و چەسپاندنی بنەماكانی كراوە، هەر بۆیە لە بیست ساڵی رابردوودا، راستەوخۆ و ناڕاستەخۆ ئەم پرۆسەیە كاری خۆی كردووە و توانیوێتی هەنگاوی گەورە بچێتە پێشەوە، ئێستاش بۆ ناساندنی سەرچاوە و ئامرازەكانی جیهانگیری، بە كورتی ئاماژە بۆ هەندێك لەو دامودەزگا و ئامرازانە دەكەین، كە فاكتۆری سەرەكی سەرخستنی ئەم دیاردە جیهانییەن[58]:

یەكەم، دامەزراندنی چەندین تەكەتول و رێكخراوی ئابوری و بازرگانی جیهانی: كە هەموویان بە فیلتەری

بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی جیهانگیری دا گوزەر دەکەن، بۆ نموونە رێککەوتنامەی (الجات) و تەکەتولی (النافتا) کە هەریەك لە وڵاتانی (کەنەدا، ئەمەریکا، مەکسیك، بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا) تێیدا ئەندامن، هەروەها (ایباك) کە لە وڵاتانی (ئەندامانی نافتا، ئوسترالیا، نیوزلەندا، یابان، ئەندۆنیزیا و مالیزیا) پیکهاتووە، جگە لە رۆڵی رێکخراوی بازرگانی جیهانی، کە چەندین وڵات تێیدا ئەندامن.

دووەم: شەرعیەتی نیودەوڵەتی: وەك بەکارهێنانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دامودەزگا سیاسی، کارگێڕی و رۆشنبیرییەکانی، هەروەها بە کارهێنانی دەسەڵاتەکانی بانکی نیودەوڵەتی، رێکخراوی یونسکۆ و رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و ئەوانی تر، لە کێشە جیهانییەکاندا.

سێهەم: پێشکەشکردنی هاوکاری ئابوری و مەعنەوی لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەو رژێم و حکومەتانەی پەیڕەوی لە سیاسەتی کرانەوەی نیودەوڵەتی دەکەن، لە بەرانبەردا چەسپاندنی ئابلۆقەی ئابوری و سیاسی بۆ سەر ئەو رژێمانەی، کە یاخین لە زلهێزەکان و مل بۆ سیستەمی نوێی جیهانی بە رێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نادەن، سەرئەنجام دووچاری سزای جۆراوجۆر دەبنەوە لەژێر چەتری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

چوارەم: بەستنەوەی زۆرێك لە حکومەتەکان بە کۆمەڵێك ریککەوتنامەی جۆراو جۆرەوە، وەك رێککەوتنامەی تایبەت بە قەدەغەکردنی چەکی ناوەکی و کیمیاوی، کەچی لە بەرانبەردا هەندێك وڵاتی تری وەکو (ئیسرائیل، هیندستان و پاکستان) خاوەنی هەمان چەك و کەرەستەی زەبەلاحی

سەربازین، بەڵام چاویان لێپۆشراوە.

پێنجەم: بەکارهێنانی ئامرازەکانی پڕوپاگەندە، میدیا و تۆڕەکانی پەیوەندی هاوچەرخ، وەك مانگە دەستکردەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان و حاسوب..هتد، لەم بارەوە بیرمەندی گـەورەی ئەمەریکی نوام چۆمسکی دەڵێت» جیهانگیری رۆشنبیری هیچ نییە، جگە لە گۆڕانێکی چۆنایەتی لە مێژووی میدیادا، کە تێیدا باڵادەستی ئەمەریکایە بەسەر جیهاندا بە هێزتر دەکات، چونکە هەندێك لە ئامار و زانیارییەکان باس لەوە دەکەن، سەرووی لە (65%) بەرهەم و کەرەستەکانی میدیا و پڕوپاگەندە و بواری رۆشنبیری لە ژێر هەژمونی ئەمریکادایە، رەنگە ئەم رێژەیە لە ئێستادا هەورازتر بێت.

هەر ئەم جۆرە لە راستییەکان وا لە(جاك کوبون)ی وەزیری دادی پێشوی فەرەنسا دەکات، بگاتە ئەو بڕوایەی، کە تۆڕی زانیارییە نێودەوڵەتییەکان بەمشێوەو فۆرمەی ئێستایەوە، جۆرێکە لە جۆرەکانی ئیستعمار.

شەشەم: هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زۆرترین ژمـارە لە خوێندکاری بیانی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی رۆژئاوا، تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بیست هەزار زانکۆ و پەیمانگا هەیە، کە ئەرکییان پێشکەشکردنی بەرنامەی زانستی و رۆشنبیرییە لەسەر تەرزی رۆژئاوایی و ئەمەریکی، بۆ پێدانی فۆرمێکی جیهانی بە کۆی پرۆسەی خوێندن و رۆشنبیری.

حەوتەم: بە کارهێنانی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و هەندێك گوزارشتی ژیاری هاوچەرخ و پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەك ئامرازێك بۆ دەستێوەردان و دەخالەتکردن لە کاروباری هەندێك لە وڵاتانی تری جیهان،

بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێ.

هەشتەم: کۆنگرەکانی تایبەت بە ئابوری و گەشەپێدانی مرۆیی و دانیشتوان.

نۆیەم: سیاسەتی بازاڕو کردنەوەی دەروازەکان لە بەردەم کۆمپانیا گەورەکانی جیهانی، بە مەبەستی وەبەرهێنان لە وڵاتانی جیهان، هەروەها داماڵینی کۆمپانیا و دامودەزگا ئابوری و خزمەتگوزارییە نیشتمانییەکان لە هەر خاوەندارێتییەکی دەوڵەت و گواستنەوەی بۆ کەرتی تایبەت.

دەیـەم: پەیمانی ئەتڵەسی (نـاتـۆ): سیستمی نوێی جیهانی، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بریتییە لە پرۆسەی جیهانگیری، پێویستی بە چەندین ئامراز هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بۆیە لەم بارەوە رۆڵی پەیمانی ئەتڵەسی رۆڵێکی سەرەکییە بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی نەخشەی سەربازی و سیاسی جیهان.

یازدەهەم: کۆڕبەندی ئابوری جیهانی (داڤۆس): یەکێکە لە گەورەترین کۆڕبەندە جیهانییەکان و ژمارەیەك کەسایەتی جیهانی و کۆمپانیا تێیدا بەشدارن، وەك یەکێك لە ئامرازەکانی جیهانگیری، رۆڵێکی هەرە بنەڕەتی دەبینێت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئابوری لە ئاستی جیهاندا.

رەنگە ئەمانەی سـەرەوە بەشێکی گرنگبن لە کۆی ئامرازەکانی جیهانگیری، کە هەر یەکەیان بەجێی خۆی رۆڵدەگێڕن بۆ چەسپاندنی بنەماکانی پرۆسەی بە جیهانیبوون، یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەم ئامرازانە ئەوەیە، زۆرجار لە دەرەوەی ویست و ئـارەزوی دەوڵـەت و کۆمەڵگە، تەنانەت لە سەرئاستی تاکەکانیش خۆی دەسەپێنێت و بە

ئاسانی ناتوانرێت رێگەی لێی بگیرێت، کاتێك دەرگەکانی لێ دادەخەیت، لە پەنجەرەکانەوە دێتە ژوورەوە، کەواتە جیهانگیری لە شێوەی جاڵجاڵۆکەدا بە هەموو لایەکدا پەلی هاویشتووە و تائەندازەیەك بووەتە دیفاکتۆ و رەتکردنەوەی ئاسان نییە، هەربۆیە لەگەڵ هەر سود و قازانجێکدا بە دوای خۆیدا زیانی زۆریش دەهێنێت، دوور لە ویستەکانمان و پرسکردن پێمان، سەرلەبەری کایەکانی ژیانمان دەخاتە بەردەم پرۆسەیەکی گۆڕانکاری گەورە و ریشەییەوە.

# ئامانج و کاریگەرییەکانی جیهانگیری

ئەمە بابەتێکە زۆرترین قسە و مشتومڕ هەڵدەگرێت، زۆریك لە شارەزایان و بیرمەندانی بە خۆوە سەرقاڵکردووە، هەربۆیە دەکرێت لانی کەم بۆ سەر سێ بەرە دابەشییانبکەین، هەندێك پێیانوایە کۆی پرۆسەی جیهانگیری هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر مرۆڤایەتی بە ڕێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە بەرانبەردا بەرەیەکی تریش پێیانوایە چۆن ئەم دیاردەیە لایەنی ئەرێنی هەیە، ئاوهاش هەڵگری چەندین مەترسی و لایەنی نەرێنییە، بە چاوی گومانەوە دەڕواننە ئەم پرۆسەیە و کار بەو ئاقارەدا دەکەن، کە لەلایەنە ئەرێکانی سودمەندبن و لەلایەنە نەرێکانی خۆیان بە دووربگرن، کەواتە بە تەواوەتی ڕەتیناکەنەوە و هەوڵدەدەن لە هەڕەشە و مەترسییەکانی خۆیان بە دووربگرن، بەرەکەی تریش پشتگیری لەم پرۆسەیە دەکەن و پێیانوایە قۆناغێکی پێشکەوتوی مرۆڤایەتییە.

لە ڕاستیدا ناکرێت لە یەك ڕوانگە و گۆشەنیگاوە هەڵسەنگاندن بۆ وەها دیاردەیەکی گرنگ و کاریگەر و فرە ڕەهەندی جیهانی بکەین، نەخاسما لە ئەمڕۆدا جیهانگیری بووە بە دیفاکتۆ و مەحکومین بەوەی بە شێواز و ئەندازەی جیاجیاوە مامەڵەی لەتەکدا بکەین، بۆیە لێرەوە هەوڵدەدەم ئامانج و کاریگەرییە نەرێنی و ئەرێنییەکانی ئەم دیاردە جیهانییە بخەمەڕوو، بەو ئامانجەی بەرچاو ڕوونیەکمان دەستکەوێت:

# ئامانج و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جیهانگیری

له راستیدا جیهانگیری وەك هەر دیاردەیەکی تری نێو مێژووی مرۆڤایەتی، هەڵگری لایەنی ئەرێنی و نەرێنییە، چونکە پرۆسەیەکی زەبـەلاح و گشتی و فرە رەهەندە و زۆرترین پانتایی و بوارەکانی ژیانی لە خۆگرتووەوەو راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی دادەنێت، وەك (محمد عمر الحاجی) ئاماژەی بۆ دەکـات، جیهانگیری بریتییە لە چوارچێوەیەك بۆ گۆڕانکارییە هاوچەرخەکانی مرۆڤایەتی[59].

هەر لەم سونگەوە (رجب ابو دبوس) دەڵێت» هەموو شارستانیەتێك هەڵگری ئامانجی جیهانییە، هەر ئەمەش وادەکات ببێتە ژیارێك، چونکە ئامانجەکانی گشتین و بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، کەواتە هەموو شارستانییەتێك وای دەبینێت کە لەهەر شوێنێك بێت لەقازانجی کۆی مرۆڤایەتیدایە، بێ رەچاوکردنی جوگرافیاو ئینتمای نەتەوەیی[60].

دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێك لە لایەنە باش و پۆزەتیڤەکانی جیهانگیری بکەین:

*رەخـسـانـدنـی شۆڕشێکی زانـسـتـی و زانـیـاری و تەکنەلۆجیایی فراوان.

*دروستبوونی رۆشنبیرییەکی جیهانی و دەستگەیشتن بە هەموو بەرهەم و کەرەستە رۆشنبیرییە هاوچەرخەکان،

سـەرەڕای بوونی زیانەکانی ئەم بـوارەش، بە ڕۆشنبیری و تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکان.

*ئازادکردنی بازرگانی و سەرمایە و زیادبوونی هەلی وەبەرهێنان.

*خولاندنەوەی سەرمایە بە دەوری جیهاندا.

*چارەسەکردنی کێشە مرۆییە هاوبەشەکان، ئەوانەی کە ناتوانرێت لە روانگەی سـەروەری نیشتمانی رەهاوە چارەسەربکرێن، وەك بـڵاوبـوونـەوەی چەکی کوشندە و مەترسییەکان بۆ سـەر ژینگەو پەتا جیهانییەکان و بڵاوبوونەوەی تاوان و مادە هۆشبەرەکان..هتد.

*گەشەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی.

*سودمەندبوونی وڵاتان لە هاوردە و ئاڵوگۆڕی کاڵا و شتومەك و پێداویستییەکانی ژیان لە بوارە جیاجیاکاندا.

*چەندین سود و قازانجی تری جیهانگیری.

# ئامانج و کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ هەندێك لەلایەنە ئەرێنییەكانی ئەم پرۆسەیە كرد، هاوكات هەمان پرۆسە هەڵگری چەندین خەسڵەت و كاریگەری نەرێنییە و زیانی زۆر بە مرۆڤایەتی و تایبەتمەندییەكانی دەگەیەنێت.

بێگومان زۆرێـك لە نوسەرو بیرمەندانی عەرەبی و ئیسلامی بە بیرو ئایدیا جیاجیاكانیانەوە، دژی پرۆسەی جیهانگیرین و شرۆڤە و لێكدانەوەی فرەلایەن بۆ ئەم دیاردەیە دەكەن، ئەگەرچی لە رۆژئاوا و وڵاتانی تری دونیاش، چەندین بیرمەند و تەوژمی هزری و سیاسی هەن، دژ بەم دیاردەیە وەستاونەتەوە و دید و تێڕوانینی جیاجیایان بۆ ئەم پرۆسەیە هەیە، بەڵام باشتر ئەوەیە خوێندنەوە بۆ هەردوو دیوەكەی پرۆسەی بە جیهانیبوون بكرێت، پاشان هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت، بۆیە وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد، ئێمە قسە لەسەر هـەردوو دیوەكەی دەكەین، چۆن پێشتر هەندێك لەلایەنە ئەرێنییەكانی جیهانگیریمان روونكردووە، هەنوكەش ئاماژە بۆ هەندێك لایەنی نەرێنی ئەم دیاردەیە دەكەین، كە پێموایە لایەنە نەرێنییەكانی بەجیهانیبوون زۆرترن لەلایەنە ئەرێنییەكانی، بۆنموونە:

*بەزاندنی سنورەكان و دەستگرتن بەسەر بـازاڕە خۆماڵییەكان و كاڵكردنەوەی سەروەری نیشتمانی و نەتەوەیی تا ئاستێك.

*کاڵکردنەوەی شوناسی رۆشنبیری و نەتەوەیی و کارکردن بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندییەکان.

*دەوڵەمەندبوونی زیاتری دەوڵەتە زلهێزەکان، لە بەرانبەردا بەرزبوونەوەی ئاستی هەژاری وڵاتە هەژارەکان.

*لاوازبوون و کاڵبوونەوەی چینی ناوەڕاست.

*زیادبوونی مەترسییەکان بۆ سەر ژینگەی جیهانی.

*هەژموونی رۆشنبیری بەکاربەر.

*دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر بەها مرۆییەکان و کاڵبوونەوەی پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و مەترسییەکانی بۆ سەر خێزان.

*زیادبوونی رێژەی بێکاری: لەمڕۆدا بێکاری یەکێکە لە گرفت و کێشە جیهانییەکان، هەندێك لە ئامار و داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن، ساڵی (1996) رێژەی کرێکاران لە جیهاندا (3،5) سێ ملیار و نیو بووە، لەم رێژەیە نزیکەی (2،3) دوو ملیار و سێ سەد ملیۆنیان بە شێوەیەك لە شێوەکان، کاریان بە دەستەوە بووە، ئەوانی تر کە ژمارەیان (1،2) ملیار و دووسەد ملیۆن بوو، بێکار ماونەتەوە، بەمەش رێژەی بێکاری لە کۆی گشتی کرێکارانی جیهان لەو سەردەمەدا، نزیکەی لە (34،3%) بووە، تەنها لە یەکێتی ئەوروپا (18) ملیۆن بێکاری هەبووە، بێگومان ئەو ئامارانە کۆنن و دڵنیام لە ئێستادا رێژەکە هەورازترە، بۆ نمونە لە ساڵی (2002) رێژەی بێکاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەیشتە (8،388،700) بێکار، کە لە (5،8%) هێزی کاری ئەو وڵاتە پێکدەهێنن.

هەر لەو دەمەدا رێژەی بێکاری لە وڵاتی یابان

گەیشتوەتە (3،587،600) بێکار، لە فەرەنساش ڕێژەکە گەیشتە (2،442،000) ملیۆن بێکار، کەچی ئەم ڕێژەیە لە وڵاتی ئەڵمانیا هەڵکشا بۆ (3،396،000) بێکار، دیارە ئەم ڕێژانەش لەو وڵاتانەی کە ناویان هاتووە، بەردەوام لە هەڵکشاندایە، بە نموونە تەنها لە ئەڵمانیا چوار ملیۆن هەلی کار رووی لە نەمانە، لە یەکێتی ئەوروپاش ئەم ڕێژەیە نزیکەی (1،5) ملیۆن و نیوە بووەتەوە، لە وڵاتانی عەرەبیش لە کۆی (115) ملیۆن کریکار، ڕێژەی بێکاری گەیشتوەتە (25) ملیۆن بێکار[61]. زیادبوونی گرفتی بێکاری لە جیهاندا، ئێستا بووەتە کێشەیەکی گەورە و رەنگە لەم ساڵانەی دواییدا ڕێژەی بێکاری دوو هێندە زیاتربێت.

*هەژاری: لەچەندین ناوچە و وڵاتی دونیادا، دیاردەی هەژاری بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ملیۆنان هاووڵاتی، پرۆسەی جیهانگیری نەك هەر نەیتوانیوە سنورێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، بەڵکو خۆی بووەتە فاکتەرێك بۆ بەرزبونەوەی ڕێژەی هەژاری لە جیهاندا، ساڵی (2006)، کۆی ڕێژەی دانیشتوانی جیهان (6) ملیار مرۆڤی تێپەڕاند، کە (5) ملیاری لە وڵاتانی هەژاردا دەژین، کەچی لە بەرانبەردا وڵاتانی دەوڵەمەند دەستی بەسەر لە (80%) کۆی داهاتی جیهاندا گرتووە و ڕێژەی دانیشتوانەکەشی تەنها لە (15%) یە، بە پێی ئاماری بانکی نیودەوڵەتی لە (18%) دانیشتوانی جیهانی سێیەم لەوپەڕی هەژاریدان و لە (33%) هاووڵاتیانیش داهاتی رۆژانەیان تەنها دۆلارێکە، بێگومان ئەم ڕێژەیەش ،تادێت لەم ناوچەیەدا رووی لە هەڵکشانە، بە تایبەتی لە وڵاتە هەژارەکاندا[62].

*گەندەڵی ڕێکخراو و تاوان و بازرگانی مادە هۆشبەرەکان و بازرگانی چەك.

*دەستێوەردانی هەمەچەشن لە کاروباری وڵاتـان و پێشێلکردنی سەروەری نیشتمانی.

*چەندین مەترسی و کاریگەری تری ئەم پرۆسەیە بۆ سەر ژیان.

**سەرچاوەکان:**

1 -الدكتور علاو زهير الرواشده ، العولمه والمجتمع ، دار الحامد-الاردن 2008 .

2 -موسوعه ويكيبيديا .

3 -تحرير واشراف الدكتور عبدالمحسن بن احمد العصيمى ، العولمه فى عالم متغير ، الگبعه الاولى 2010 ، دار قرگبه للنشر والتوزيع ، ص69 .

4 -جلال امين ، العولمه ، الگبعه اڵپاڵپه 2001 ، الناشر: دارالشروق ، ص17 .

5 -الدكتور محسن احمدالخچيرى ، العولمه ، مجموعه النيل العربيه ، القاهره2000- .

6 -تحرير واشراف الدكتور عبدالمحسن بن احمد ، العولمه فى عالم متغير ، المصدر السابق ، ص574-572 .

7 -الدكتور خليل حسين ، قچايا دوليه معاصره ، الگبعه الاولى 2007 ، دار المنهل اللبنانى ، ص448 .

8 -موسوعه ويكيبيديا .

9 -الدكتوره سناو كاڤم كاگع ، الفكر الاسلامى المعاصر والعولمه ، الگبعه الاولى 2005 ، الناشر: منشورات لسان الصدق ، ص41 .

10 -المصدرالسابق ، ص42 .

11 -حسن حنفى ، ما العولمه ، دار الفكر-دمشق1999- ، ص61 .

12 -فرنسيس فوكاياما ، نهايه التأريخ والانسان الاخير .

13 -الدكتورخليل حسين ، قچايا دوليه معاصره ، المصدر السابق ، ص445 .

14 -المصدر السابق ، ص445 .

15 -عبدالرزاق عبد ، ماهو جديد العولمه ، مجله الهدف ، العدد السنوى ، 1998 .

16 -الدكتور خليل حسين ، المصدر السابق ، ص446 .

17 -روجيه غارودى، العولمه المزعومه-الواقع-الجژور-البدائل ، تعريب د. محمد السبيگلى ، دار الشوكانى للنشر والتوزيع-صنعاو، 1998، ص 17

18 -الكتوره سناو كاڤم ، المصدر السابق ، ص26 .

19 -المصدر السابق ، ص26 .

20 -محمد عوچ الهزايمه ، ص227 .

21 -الدكتوره سناو كاڤم ، المصدر السابق ، ص29 .

22 -الدكتور اسماعيل صبری عبدالله ، الكونيه ، ص47-46.

23 -ئەلسيد ياسين ، جيهانێتی وجيهانگير ، وەرگێڕانی ئەحمەد قادر سەعيد ، بەڕێوەبەرايەتی خانەی وەرگێڕان ، 2008 .

24 -راپۆرتی گشتی چوارەم کۆنگرەی گشتی (ی . ن . ك) ساڵی 2001

25 -هايل عبدالمولی گشگوش ، مبادی و اساسيه فی العلوم السياسيه ، الكبعه الاولی 2006 ، دار الكندی للنشر والتوزيع ، ص233 .

26 -احمد عبدالرحمن واخرون ، الاسلام والعولمه ، الگبعه الاولی 2002- ، الناشر: الاشعاع الفنيه للنشر-الاسكندريه .

27 - الدكتورفالح عبدالجبار ، ما بعد الماركسيه ، الكبعه الاولی 2010 ، الناشر:دار الفارابی ،بيروت-لبنان ،ص116

28 -حوريه سعداوی ، العولمه واقتصاديات الـدول الناميه ، الگبعه الاولی2000- ، ص5 .

29 -عمرو عبدالكريم اشكاليات قرن القادم ، الناشر: سام للنشر-القاهره ، 1999 ، ص21 .

30 -مجله النهج ، العدد(23) صيف 2000 ، ص169

31 -فوئاد مەجيد ميسری ، جيهانگيری ـ چاپی يەكەم ، 2000 ، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی موكريان ، ص63-62 .

32 -بە جيهانيبون وشوناسی نەتەوەيی ، وەرگێڕانی ئازاد وەڵەدبەگی ، چاپی يەكەم ، سەنتەری روناكبيری هەتاو ، ص21 .

33 -رمزی زكی ، العولمه الماليه ، دار المستقبل العربی-القاهره ، الگبعه الاولی 1999 ، ص81-80 .

34 -اولريش بك ، ماهی العولمه ، ترجمه الدكتور ابو العيد ودودو ، الگبعه الپانيه 2012 ، منشورات الجمل ، ص165 .

35 - اشراف علمی : حسن عبدالحفيڤ ابو الخير ، الموسوعه المفصله فی الفرق والاديان والملل والمڑاهب والحركات القديمه والمعاصره ، اعداد: مكتب التبيان ، الجزو الپانی ، الگبعه الاولی 2011 ، الناشر : دار ابن الجوزی – القاهره ، ص 953 .

36 -محمد باقر الصدر ، فلسفتنا ، ص 33 .

37 -الدكتور منير الحمش ، العولمه ليست الخيار الوحيد ، الگبعه الاولی 1998 ، الاهالی للگباعه والنشر والتوزيع ، ص50 .

38-www.alawan.org

39 -الدكتوره سناو كاڤم ، المصدر السابق ، ص90 .

40 -الموسوعه المفصله ، ج2 ، المصدر السابق ، ص953 .

41-www.alawan.org
42-www.alawan.org
43-www.alawan.org
44 -گۆڤاری بیری نوێ ، ژماره (38) ساڵی 2006 .
45 -موسوعه ویکیبیدیا .
46 -المصدر السابق .
47-taseel.com مرکز التأصیل للدراسات والبحوپ .
48 -المصدر السابق .
49 -موسوعه ویکیبیدیا .
50 -المصدر السابق .
51 -الدکتور خلیل حسین ، المصدر السابق ، ص457 .
52 -المصدر السابق ، ص457 .
53 -الدکتور منیر الحمش ، المصدر السابق ، ص41 .
54 -محمد مرهن حسین اسد ، العولمه رؤیه اسلامیه ، دار الوحی القلم- بیروت – 2003 ، ص10 .
55 -المصدر السابق ، ص11 .
56 -سمیر امین ، مناخ العصر :رؤیه نقدیه فی العولمه والتحولات المجتمعیه فی الوگن العربی ، مکتبه مدبولی 1999 ، ص71-70 .
57 -موسوعه المفصله ، ج2 ، المصدر، ص950 + الدکتور خلیل حسین ، المصدر السابق ، ص446-445 .
58 -الدکتور خلیل حسین ، المصدر السابق ، ص457-456 + الدکتور سناو کاڤم ، المصدر السابق ، ص84-56 +الدکتور حمید الجمیلی ، رؤیه مستقبلیه فی الاقتصادی السیاسی ، مجله ام المعارك ، العدد الپالپ ، تموز 1995 + محمد ادم ، العولمه واپرها علی الدول الاسلامیه ، مجله النبأ ، مرکز المدینه المنوره للعلوم والهندسه ، العدد(42) شباگ 2000 .
59 -برهان غلیون ، العرب وتحدیات ، مجله پقافیه ، ابوڤبی .
60 - المصدر السابق .
61 -الدکتور کاڤم حبیب ، العولمه الجدیده ، مجله الگریق ، العدد الپالپ 1998 + موسی الزعبی ، الوجه الجدید للعالم ، مجله الفکر السیاسی ، العدد العاشر2002- +الدکتور عدنان عباس علی ، فخ العولمه ، مجله عالم المعرفه ، العدد(238) 1998 .
62-world bank1995 world derelop ment reporti poverty washington

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رواداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | ناملیکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 136 | ژنێك لەناو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستییانە | دکتۆر حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لەکوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژووی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لەتوڵەیتوڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غوفوور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د. لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریاغەفوری | 2016 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیارمەحمود | 2016 |